سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە هێزی ئاسایش و دژەتیرۆری هەرێمی کوردستان دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5794)دووشەممە 22ی تەممووز 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا دەستخۆشی لە هێزی ئاسایش و دژەتیرۆری هەرێمی کوردستان کرد بۆ دەستگیرکردنی تاوانباری سەرەکی و هاوکاری کارە تیرۆرستییەکەی ڕۆژی 2019/7/17ی تەقەکردن لە ڕێستورانتێکی هەولێر. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ هێزی ئاسایش و دژەتیرۆری کوردستان سەرکەوتووانە توانییان تاوانباری سەرەکی و هاوکارێکی کارە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی 17ی تەممووزی 2019ی تەقەکردن لە ڕێستۆرانتێکی هەولێر دەستگیر بکەن کە جێگەی داخ بوو لەو کارە تیرۆرستییەدا دیپلۆماتێکی تورکیا و دوو هاوڵاتیی هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەست دا.

سەرکەوتنی هێزی ئاسایش و دژەتیرۆر لە ئەرکی سەرەکیی خۆیاندا، دڵسۆزیی ئەم هێزانە بۆ کار و پاراستنی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیان دەسەلمێنێت. دیارە پاش ڕووداوێکی وا ناخۆش و کارێکی وا ترسنۆکانە، جەختی سەرەکیی دەسەڵاتی هەرێم لەسەر دەستگیرکردنی تاوانباران و هاوکارەکانیان بووە و دەبێت. دەستکەوتی سەرکەوتووانەی هێزی ئاسایش و دژەتیرۆر لەوەدا بووە کە هەمیشە توانیویانە هەوڵی تیرۆریستان پووچەڵ بکەنەوە و نەهێڵن زیان بە خەڵکی هەرێم و میوانانی بگات.

تا ئێستا بەوپەڕی توانای خۆیانەوە هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانیان پاراستووە، لە داهاتووشدا هەروەک لەوەوپێش لە ئەرک و کاری جددیی خۆیان بەردەوام دەبن بۆ زامنکردنی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، دەستگیرکراوان و هاوکارانیشیان بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.



نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2109/7/20

هەموو لایەنەکان بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان داوە پڕۆژەیاسای چاکسازی لە پەرلەمان پەسەند بکرێت

بڕیارە لە دوای پشووی هاوینە، پەرلەمانی کوردستان خولی پاییزە بەڕێوە ببات و ژمارەیەک پڕۆژەیاساش بۆ خولی پاییزە پێشکەش بە لیژنەی یاسایی کراون، ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ: لە کاتی دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کار بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی دەکەین. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق:

بەمزووانە دوو لێژنەی تەکنیکی کار بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەن

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند دوای سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی بااڵی عێراق، زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان و شەقامی عێراقی گەشبینن بە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

گفتوگۆ لەبارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان و کارنامەی حکوومەت دەکرێت



خەبات: بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/7/22 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دووەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامبدات و لە کۆبوونەوەکەشدا گفتوگۆ لەبارەی ڕێوشوین و میکانیزمی جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان و کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەواوی وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم لە وەزارەتەکانیان دەستبەکاربوونە. شایەنی بیرهێنانەوەیە کە ڕۆژی دووشەممە 15ی 7ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی ساز کرد و تێیدا ژمارەیەک بڕیار دران، وەک: سەرجەم وەزیرەکان و خاوەن پۆستە باڵاکان دەبێت پابەند بن بە دەوامی فەرمی وەزارەتەکانیان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەرپرسێکی پارتی بۆ «خەبات»: ئومێدمان هەیە گفتوگۆکانی تایبەت بەئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک ئەنجامی باشیان هەبێت

جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک گەرمیانی پارتی ڕایدەگەیەنێت کە پێیان باشە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لایەنە کوردستانییەکان، بەیەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن،بەڵام تا ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە پارتی بەشداری هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک ناکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هاوپەیمانان لەناکاو لە شارۆچکەی روتبە کشاونەتەوە

هێزێکی هاوپەیمانان لە شارۆچکەیەکی ڕۆژئاوای عێراق کشاونەتەوەو بەرپرسێکیش ترسی خۆی ئاشکرا دەکات و داوای هێز دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پێویستە میدیای کوردی بخرێتەوە خزمەتی نیشتمان و پرسە نەتەوەییەکان

سکرتێری داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەوانی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێیوایە، ڕاگەیاندن ئەرکی بۆ دیاری نەکراوە، بۆیە دەبێت بە یاسا ڕاگەیاندنی کوردی ڕێکبخرێتەوە و هەروەها بخرێتە خزمەتی نیشتیمان و هاوڵاتیان و لەو پاشاگەردانییە ڕزگار بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی:

ئەمەریکا خوازیاری جەنگ نییە لەگەڵ ئێران

پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی، پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام ڕایگەیاند کە "هێزی چەکی ئێران لە ناوچەکە، خەرجی جەنگ، مەرجی دەنگدەر لە ئەمەریکا و ئەزموونی جەنگ لە ڕابردووی نزیکدا "هۆکارن بۆ ئەوەی حکوومەتی واشنتۆن دەستوەردانی سەربازیی لە ئێران نەکات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



وەرزش.. دوای بردنەوەی جامی ئەفریقا.. یاریزانانی جەزائیر لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی شاهانەیان لێکرا

دوو کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئەورووپا گەشتەکانیان بۆ قاهیرە ڕاگرت

لە دوو بڕیاری لەناکاودا کە خوێندنەوە و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، هەردوو هێڵی (بریتش ئێرویز)ی ئاسمانی بەریتانی و دواتریش (لۆفتانزا)ی نەمساوی هەموو گەشتەکانیان بۆ فڕۆکەخانەی قاهیرە ڕاگرت.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



هەڵخستنی بیبەر، کولەکە، باینجان و ترۆزی لە گردە بەرزەکانی عەنتاب بەمەبەستی وشککردنەوە بە ڕێگا نەریتییەکان دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگ بە ناوچەکە دەبەخشن. **(ڕاپۆرتێک لە ل7 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان هەمیشە وەک پێگەیەکی ئارام و سەقامگیر دەمێنێتەوە



بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا دەستخۆشی لە هێزەکانی ئاسایش و دژە تیرۆر و هەموو هێزە ئەمنییەکانی دیکە دەکات کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانییان ئەنجامدەرێک و هاوکارانی کردەوە تیرۆریستییەکەی ڕێستورانتێکی هەولێر بدۆزنەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە گەرمی دەستخۆشی لە هێزەکانی ئاسایش و دژە تیرۆر و هەموو هێزە ئەمنییەکانی دیکە دەکەم کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانییان ئەنجامدەرێک و هاوکارانی کردەوە تیرۆریستییەکەی ڕێستورانتێکی هەولێر بدۆزنەوە کە بەداخەوە بووە هۆی گیان لە دەستدانی دیپلوماتکارێکی تورکیا و دوو هاوواڵاتی هەرێمی کوردستان. ئەم سەرکەوتنە بەرهەمی دڵسۆزی و شەونخوونی ئەو هێزانەیە کە بوونەتە پاڕێزەری ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان. هەروەها سوپاسی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دەکەم کە بەردەوام پاڵپشت و هاوکاری دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوون.

هەرێمی کوردستان بە کۆششی ئەم ڕۆڵە دڵسۆزانە و بە هاوکاریی هاووڵاتیانمان هەمیشە وەک پێگەیەکی ئارام و سەقامگیر دەمێنێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2109/7/21

داعش لە ناوچەی شێخ باوە خۆی ڕێک خستۆتەوە

لە ناوچەی "شێخ باوە" لە نێوان شارەدێی "جەلەولا"ی سەر بە قەزای خانەقین و شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە جووتیارێک کوژراو دوو کەسی دیکەش بریندار بوون. رائید سمکۆ عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی کولەجۆی سەر بە ئاسایشی گەرمیان، رایگەیاند: ڕۆژی یەکشەممە لە ناوچەی شێخ باوەی نێوان جەلەولاو و کەلار کە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، تەقینەوەیەک ڕووی دا و بەو هۆیەوە جووتیارێک گیانی لەدەستداوە و دوو جووتیاری دیکەش بریندار بوون. قوربانییەکانیش لە یەک بنەماڵەن و باوکیان گیانی لەدەست داوە و دوو بریندارەکەش کوڕی بوون. گوتیشی: داعش ماوەیەکە لە ناوچەکە خۆی ڕێک خستووەتەوە و لەناو زەویی کشتوکاڵیی جووتیاران بۆمب دادەنێتەوە.

بەرپرسێکی پارتی:

لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە دروست بووە



بەرپرسی لقی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ گوتی، ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە مووسڵ بۆ بنبڕکردنی داعش ئەنجام درا، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چونکە داعش شەڕی ئاشکرا ناکات و بە نهێنی کاری خۆیان دەکەن، بۆیە بە هۆی بۆشایی ئەمنییەوە داعش بەردەوام جموجۆڵی زیاد دەکات و بە شێوەی پارتیزانی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. عەلی خەلیل، بە مانگەڕی فەرمیی پارتییراگەیاندووە: ئەو ئۆپەراسیۆنەی بۆ بنبڕکردنی داعش لە سنووری مووسڵ ئەنجام درا، هیچ ئەنجامێکی نەبووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە داعش شەڕ ناکات و بە نهێنی کاری خۆیان دەکەن و خۆیان دەپارێزن، هەر بۆیە بە شێوەیەکی پارتیزانی کردەوە ئەنجام دەدەن و شەڕی ئاشکرا ناکەن، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئۆپەراسیۆن ئەو کێشەیە چارەسەر ناکات.

خەلیل گوتیشی، هۆکاری زیادبوونی جموجۆڵی داعش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین هێز هەیە و هیچ هەماهەنگییەکیش نییە و بەدواداچوونی هێزە ئەمنیەکانیش وەکو پێویست نییە، هەر بۆیە داعش جموجۆڵیان هەیە و بوونەتە مەترسی و بە نهێنی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن و لەناو موسڵیش بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە دروست بووە.

یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007 لە ئاست ئەو گەشەکردنەی ئێستای ڕاگەیاندنی کوردیدا نییە

د. نەزاکەت حوسێن: پێویستە میدیای کوردی بخرێتەوە خزمەتی نیشتمان و پرسە نەتەوەییەکان



سکرتێری داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەوانی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێویایە، ڕاگەیاندن ئەرکی بۆ دیاری نەکراوە، بۆیە دەبێت بە یاسا ڕاگەیاندنی کوردی ڕێکبخرێتەوە و هەروەها بخرێتە خزمەتی نیشتیمان و هاوواڵتیان و لەو پاشاگەردانییە رزگار بکرێت. دکتۆرە نەزاکەت حوسێن، بە مانگەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە هەرێمی کوردستان پاشاگەردانی لە میدیای کوردیدا هەیە، یاسایەکی تەواوی گشتیی ڕاگەیاندنمان نییە بۆ تێکڕای میدیای بیندراو و بیستراو و سۆشیاڵمیدیا تا ڕێکیان بخات، تەنها یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007هەیە کە ئەو یاسایەش بۆ ڕاگەیاندنی چاپکراوە و لە ئاست ئەو گەشەکردنەی ئێستای ڕاگەیاندنا نییە. ئەو مامۆستایەی زانکۆ گوتیشی: لە کوردستان پێویستمان بە ئەنجوومەنێک هەیە ڕاگەیاندنی کوردی بە تەواوی بەشەکانییەوە ڕێکبخاتەوە و میدیای کوردی بخرێتەوە خزمەتی هاووڵاتیان و نیشتیمان و پرسە نەتەوایەتییەکان، جگە لەوەش پێویستە بە دەرچووانی یاسا و دروستکردنی بۆردێک، میدیا بخرێتەوە ناو سیستەمی حکومڕانی و چاودێری بکرێت و یاسای بۆ دەربچوێندرێت. نەزاکەت دەشڵێت: ئەو ڕاگەیاندنەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، فەوزایەکی گەورەی ناوەتەوە و بۆ ناسنامە و کولتوور و بەها و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکی کۆمەڵگا، کێشەی دروستکردووە. سکرتێری داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەوانی و مافی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەشی دا: دەستێوەردانی دەرەکی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا هەیە، بۆیە پێویستمان بەوەیە یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندن هەبێت و ئەرکی بۆ دیاری بکرێت و پابەند بکرێت بە کۆمەڵێک پرسەوە، هەروەها بۆردی چاودێریی بۆ دامەزرێندرێت و ئەرکیشی بۆ دیاری بکرێت، چونکە هەر کەسێک پارەی هەبوو، میدیا بکاتەوە، دەستێوەردانی دەرەکی زۆر ئاسان دەبێت.

شارۆچکەیەکی ڕۆژئاوای عێراق مەترسی داگیرکردنی داعشی لەسەرە

هاوپەیمانان لەناکاو لە شارۆچکەی روتبە کشاونەتەوە



هێزێکی هاوپەیمانان لە شارۆچکەیەکی ڕۆژئاوای عێراق کشاونەتەوە و بەرپرسێکیش ترسی خۆی ئاشکرا دەکات و داوای هێز دەکات. سەلیم کەربولی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار بە میدیا عێراقییەکانی ڕاگەیاندووە، ڕۆژی یەکشەممە، سەرۆکی لێژنەی ئەمنیی شارۆچکەی روتبە پێی ڕاگەیاندووە کە هێزی هاوپەیمانان لەناکاو لە شارۆچکەی روتبە کشاونەتەوە. سەلیم کەربولی هاواری لێ هەڵساوە و ڕایگەیاندووە، پێویستە حکوومەتی عێراق بە زووی هێزێک بنێرێتە روتبە، ئەگەرنا وەرەی هێزە ئەمنییەکان بە تەواوی دەڕووخێت و ئەگەری داگیرکردنی شارۆچکەکە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، زیاد دەبێت.

ئەگەرچی بەرپرسە عێراقییەکان بەردەوام لێدوان دژی بوونی هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا لەسەر خاکی وڵاتەکەیان دەدەن، بەڵام بەبێ بوونی ئەو هێزانەی هاوپەیمانان، هێزە عێراقییەکان توانای پاراستنی تەنانەت بەغدای پایتەختی وڵاتەکەشیان نییە. جێی باسە روتبە شارۆچکەیەکی سنووری پارێزگای ئەنبارە لە ڕۆژئاوای عێراق.



لەندەن.. خۆنیشاندان دژی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و دژی کاندیدی بەهێز بۆ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوریس جۆنسۆن، بەم بۆنەیەوە هەزاران کەس لەنزیک هاید پارک لە ناوەڕاستی لەندەن بەردەو پەرلەمان بە پێ ڕۆیشتن و دروشمیان دەگوتەوە.

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم دووەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات

گفتوگۆ لەبارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان و کارنامەی حکوومەت دەکرێت



خەبات: بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/7/22 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دووەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامبدات و لە کۆبوونەوەکەشدا گفتوگۆ لەبارەی ڕێوشوین و میکانیزمی جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان و کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەواوی وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم لە وەزارەتەکانیان سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی ساز کرد و تێیدا ژمارەیەک بڕیار دران، وەک: سەرجەم وەزیرەکان و خاوەن پۆستە بالاکان دەبێت پابەند بن بە دەوامی فەرمی وەزارەتەکانیان.

شایەنی بیرهێنانەوەیە کە ڕۆژی دووشەممە 15ی 7ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی ساز کاتی دیاریکراوی دەوامی فەرمی و هیچ کەسێک بۆی نییە لەکاتی دەوامی فەرمیدا شوێنی کارکردنی خۆی بەجێبهێڵێت یان کارێکی دیکەی دەرەوەی ئەرکەکەی هەروەها لە خاڵێکی تردا هاتبوو کە سەرجەم فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم، دەبێت پابەند بن بە فەرمانبەرییەتی و نابێت ئەو زانیارییانەی کە بە نهێنی پۆلێن دەکرێن، لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئاشکرا بکرێن.

سەبارەت بە ڕووتین لە جێبەجێبکات. هەروەها بڕیاردرا کە فەرمانبەران دەبێت پابەند بن بە پاراستنی نهێنی کارووباری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان. خەدیجە مزووری، کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی پارتیشە، گوتی: یەکێک لەو پرۆژەیاسایانەی هەموو لایەنەکان بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان داوە پەسەند بکرێت، پرۆژەیاسای چاکسازیە لە هەرێمی کوردستان، ئێمەیش وەک فراکسیۆنی پارتی جیددین لەسەر پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی و سەرجەم مامەڵەی هاوواڵتیان بە شێوەیەکی خێرا و ورد، لەلایەن فەرمانبەرانەوە جێبەجێبکرێت. هەروەها وەڵامدانەوەی سکاڵا و پرسیاری هاوواڵتیان بە شێوەیەکی خێرا و گونجاو، ئەرکی دامودەزگاکانی حکوومەتە و دەبێت وەڵامی ڕوون و ئاشکرا بۆ مامەڵەی هاوواڵتیان هەبێت و هۆکاری هەر دواکەوتنێک یا ڕەزامەندی نەدانێک ڕوون و ئاشکرا بێت و پێویستە ڕێز لە هاوواڵتیان بگیرێت لە داموودەزگاکانی حکوومەتدا. هەروەها دیاردەی بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن، لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەبێتە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی وەزیر و بەرپرسە بالاکانی حکوومەتی هەرێم و ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی لێ ناکرێت و سەرپێچیکاران بە تووندی سزا دەدرێن.

شایەنی باسە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان هەروەها دیاردەی بەرتیل وەرگرتن، لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەبێتە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی وەزیر و بەرپرسە بالاکانی حکوومەتی هەرێم و ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی لێ ناکرێت و سەرپێچیکاران بە تووندی سزا دەدرێن.

پەرلەمان: هەموو لایەنەکان بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان داوە پرۆژەیاسای چاکسازی پەسەند بکرێت



بڕیارە لە دوای پشووی هاوینە، پەرلەمانی کوردستان خولی پاییزە بەڕێوە ببات و ژمارەیەک پرۆژەیاساش بۆ خولی پاییزە پێشکەش بە لیژنەی یاسایی کراون، ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ: لە کاتی دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کار بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکەین. خەدیجە عومەر مزووری، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە خولی بەهارەی پەرلەماندا زیاتر هەوڵەکانمان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بوو، بەڵام بڕیارە لە خولی پاییزەی پەرلەماندا، کە بڕیارە دوای کۆتاییهاتنی پشووی هاوینە دەستی پێبکرێت، زیاتر هەوڵەکان بۆ ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەیە کە پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: لە ئێستادا چەندین پرۆژەیاسا پێشکەش بە لیژنەی یاسایی پەرلەمان کراون و زۆربەشیان پەیوەندییان بە ژیانی هاوواڵتیانەوە هەیە، بێگومان دوای دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کار لەسەر ئەو پرۆژانە دەکرێت و دەخرێنە نێو کارنامەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانەوە. ئێستا و کاتی خۆیشی بەڵێنمان بە خەڵکی کوردستان داوە هەرچی لە دەستمان دێت بۆ بەڕژەوەندیی گشتی و هاوواڵتیان لە پەسەندکردنی پرۆژەیاساکە، درێغی ناکەین، لەبەر ئەوەش یەکێک لە ئەولەویەتی ئێمە لە دوای پشووی پەرلەمان، کارکردنە لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی.

د. ڤیان سەبری بۆ «خەبات»:

بەمزووانە دوو لیژنەی تەکنیکی کار بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەن

زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق بە گەشبینییەوە دەڕواننە ئایندەی سیاسی نێوان هەولێر و بەغدا



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند دوای سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق، زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان و شەقامی عێراقی گەشبینن بە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. د. ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بەخەباتی ڕاگەیاند: دوای سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری بۆ لای هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و نیشاندانی نیازپاکی حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق بە گەشبینییەوە دەڕواننە ئایندەی سیاسی نێوان هەولێر و بەغدا.

سەبری ڕاشیگەیاند: لە کۆبوونەوەی نێوان شاندی باڵای هەولێر و بەغدا باس لە چارەسەرکردنی گرفتەکان کراوە بۆ سەرجەم مەلەفەکان لەنێویشیاندا بابەتەکانی نەوت وغاز و بودجە و پێشمەرگە و ناوچە کێشە لەسەرەکان. ئاماژەی بەوەش کرد: ئەنجامی کۆبوونەوەکانیش پێکهێنانی دوو لیژنەی تەکنیکی بووە کە بەمزووانە دەستبەکار دەبن بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاوی هەمیشەیی لە ژێر ڕۆشنایی ماددە و بڕگەکانی دەستووردا.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئەوەشی خستەڕوو: هەرسێ سەرۆکایەتییەکە ئامادەییان نیشاندا بۆ بنبڕکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان بەپێی دەستوور، نەک کێشەیەک بەدەستوور چارەسەر بکرێت و لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیکە دەستوور پێشێل بکرێت چونکە ئەمە لەبەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە.

بەرپرسێکی پارتی بۆ «خەبات»: ئومێدمان هەیە گفتوگۆکانی تایبەت بەئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک ئەنجامی باشیان هەبێت

تا ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە پارتی بەشداری هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک لە شارەکە ناکات



جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک گەرمیانی پارتی ڕایدەگەیەنێت کە پێیان باشە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لایەنە کوردستانییەکان، بەیەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن،بەڵام تا ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە پارتی بەشداری هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک ناکات.

دیاری حوسێن جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: بەمەبەستی نیشاندانی یەکڕیزی گەلەکەمان وەکو پارتی پێمان باشە لایەنە کوردستانییەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەیەک لیست بەشداری بکەن، بەڵام تا ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە پارتی بەشداری هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک ناکات لە کەرکووک، هەروەک چۆن لە هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پارتی بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد لە کەرکووک.

ڕاشیگەیاند: پرۆسەی سەرژمێری کە بڕیارە لە ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت بەهیچ جۆرێک سەرکەوتوو نابێت چونکە ڕەوشی کەرکووک هیچ پێشوەچوونێکی بەخۆوە نەبینیوە، تا ئێستاش ئەو ئاوارانەی قەرەبوو کراونەتەوە لە چوارچێوەی ماددەی 140 نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان کە زۆربەیان لە ناوەڕاست و خواروو هاتوون.

جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک گەرمیانی پارتی ئاماژەی بەوەش کرد : ئومێدمان هەیە گفتوگۆکان ئەنجامی باشیان هەبێت بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە زووترین کات کۆببێتەوە و پارێزگار هەڵبژێرن، ئەمەش بە گەڕانەوەی پێشمەرگە و کشانەوەی ئەو هێزانە دێت کە ڕەوشی کەرکووکیان تێکداوە.



ئاسایشی کەشتی و نەوتهەڵگرەکانی خۆمان دەپارێزین

بەریتانیا بۆ ئێران: ڕێگایەکی مەترسیدارت هەڵبژاردووە

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی ئێران بە دەستبەسەرداگرتنی تانکەرێکی نەوتی بەریتانی لە گەروو هورمزدا "ڕێگایەکی مەترسیداری" هەڵبژاردووە. جێرمی هەنت لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر رایگەیاند: پەنابردنە بەر ڕێگای مەترسیدار لەلایەن ئێرانەوە بە هەڵسوکەوتی ناسایایی و سەقامگیری تێکدەرانە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی لە جەبەلتاریق دەست بەسەر ئەو نەوتەدا گیرا کە دەچووە سووریا؛ مایەی نیگەرانییە. ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە وەک ئەوەی ڕۆژی شەممە گتوویەتی کاردانەوەیان بیری لێکراوەتەوە بەڵام تۆندیش دەبێ. بە ئاماژەدان بەوەی کە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێک دەدەن بۆ ڕۆژنامەوانییدا باسی لە گرژییەکانی ناوچەکە کرد کە تێستا بووەتە ڕۆژەڤ و گوتی: هەمووان هەست بە نیگەرانی دەکەین لە هەمبەر ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە هەوڵەکانمان بۆ هێورببونەوەی ڕەوشەکە بخەینەگەڕ. لە وەڵامی پرسیاری سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا، وەزیری بەرگری بەریتانیا، تۆبیاس ئیلوود ڕایگەیاند کە بوونی سەربازییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگە بۆ ئەوەی گەروو هورمز بە ڕووی کەشتییەکاندا دانەخرێت. تۆبیاس ئیلوود لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ بی بی سی وتی: ئێمە ئیلتیزامی ئەوەمان هەیە کە ئاسایشی کەشتی و تانکەرەکانی خۆیشیان دەپارێزن.
لەلایەکی دیکەشەوە وەزیری بەرگری بەریتانیا، تۆبیاس ئیلوود ڕایگەیاند کە بوونی سەربازییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگە بۆ ئەوەی گەروو هورمز بە ڕووی کەشتییەکاندا دانەخرێت.
وەزیری بەرگری بەریتانیا گوتی: ڕاوبوچوونی جیاواز لە نێوان ئێمە و ئەمەریکادا هەیە سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا. ئەمەش داوی ئەوە دێت، ڕۆژی هەینی ڕابردوو بەریتانیا ڕایگەیاندبوو کە کەشتییەکی نەوت هەڵگری لە میانی تێپەڕبوونی بە گەروو هورمزدا لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

پاسدارانی ئێران:

هێزەکانی دەریایی بەریتانیا نەیانتوانی ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرە ڕزگار بکەن

گوتەبێژی سوپای پاسدارانی ئێران، ڕەمەزان شەریف ڕایگەیاند کە هێزەکانی دەریایی بەریتانیا لە ناوچەکەدا نەیانتوانیوە کەشتییە نەوتهەڵگرەکەی خۆیان لە دەستبەسەرداگرتن ڕزگار بکەن. شەریف ڕاگەیەندراوێکی نووسراوی بڵاوکردەوە کە تێدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هێزەکانی دەریایی بەریتانیا پاسەوانی کەشتییە نەوتهەڵگرەکەیان کردووە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە ڕزگارکردنی ئەو کەشتییە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:
هێزەکانی دەریایی بەریتانیا هەوڵیاندا ڕێگری بکەن لە دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتهەڵگرەکە. بۆ ئەم مەبەستەش دوو هێلیکۆپتەر هەڵسان و هەوڵدرا ڕێگری لە سوپای پاسدارانی ئێران بکرێ. بەڵام سەربازانمان زۆر بە خێرای کارەکانیان ئەنجامدا، هێزەکانی بەریتانیا سەرکەوتوو نەبوون و کەشتییەکە بە کارمەندەکانییەوە بەرەو کەناراوەکانی ئێران ئاراستە کرا. شەریف ئەوەشی خستەڕوو کە کەشتییەکە بەهۆی پابەندنەبوونی بە یاساکانی دەریاوانی دەستی بەسەردا گیراوە.



محەمەد جەواد زەریف:

بۆڵتن هەوڵی ڕاکێشانی بەریتانیا بۆ ناو زۆنگاو دەدات

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن هەوڵی ڕاکێشانی بەریتانیا بۆ ناو زۆنگاو دەدات. زەریف لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆڵتن نەیتوانیوە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ قایل بکات لەبارەی "جەنگی سەد ساڵە"و، وەک تۆڵەیەک دەیەوێت بەریتانیا ڕابکێشێتە ناو زۆنگاو.
وەزیری دەرەوەی ئێران نووسیویەتی: هەڵە مەکەن. بۆڵتن کە نەیتوانی دۆنالد ترەمپ قایل بدات لەبارەی دەستپێکردنی جەنگی سەد ساڵە، هەر بۆیە نارەحەتە لە شکستهێنانی تیمی بی بە ئومێدی ڕاکێشانی ئینگلیزەکان بۆ ناو زۆنگاوێک قینی هەڵدەڕژێت.

عێراق... بنیاتنانی دووڕگەیەکی نەوتیی سەرئاوکەوتوو

حکوومەتی عێراق ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر بنیاتنانی دووڕگەیەکی نەوتی سەرئاو کەوتوو لە ئاوی هەرێمیی لە پارێزگای بەسرە. بریکاری وەزارەتی نەوت، فەیاز حەسەن لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە دوای هەڵسەنگاندنی پڕۆژەی بنیاتنانی دووڕگەیەکی نەوتی سەرئاو کەوتوو لە ئاوی هەرێمیی لە باشووری بەندەری بەسرە، حکوومەتی عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.
فەیاز حەسەن ئەوەی خستووەتەڕوو کە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە ئامانج لێی ئەوەیە ئاستی هەناردەکردنی نەوت لە باشوورەوە لە دوو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ سێ ملیۆن بەرمیل زیاد بکرێت. ئاماژە بەوەش دەکرێت کە لەئێستادا، عێراق ڕۆژانە چوار میلۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت. عێراق هەوڵ دەدات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکات و بگەیەنێتە سەرووی پێنج ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لەئێستاشدا، عێراق ڕۆژانە سێ ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات.



ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیێنێت

داواکاری گشتی شاری دالاهۆی کرماشان خوازیاری ئەوە بووە کە 6 بەندکراوی ئەمنیەتی خەلکی ئەو شارە لە سێدارە بدرێن. دەشڵێت: هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری دالاهۆ هێرشیان کردووەتە سەر گوندی باباجانی ئەبودجانە (خواروو) و پێنج هاووڵاتیان دەستبەسەر کردووە.

ناسنامەی ئەو 5 هاووڵاتیە کە بۆ هەنگاو ڕوون بۆتەوە بە شێوەیەی خوارەوەیە:
1- عەلی ڕەزا محەمەدی کوڕی نورمحەمەد
2- پوریا عەزیزیانی کوڕی عەزیزوڵڵا
3- یەعقووب ئەڵماسی کوڕی مەجید
4- سامان محەمەدی کوڕی حەیدەر
5- حەمزە محەمەدی کوڕی کاکە عەزیز

ڕێکخراوەکە دەشڵێت، ئەو هێزانە ڕۆژی دواتریش کەسێکی دیکەیان بە ناوی "پەیمان محەمەدی" دەستبەسەر کردووە. سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لەبارەوە بە ڕێکخراوی هەنگاوی ڕاگەیاندووە کە، ئەو 6 هاووڵاتییە دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی 20 ڕۆژ لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی هێزەکانی کرماشان لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون، گواستراونەتەوە بۆ بەندیخانەی دیزڵئاوای ئەو شارە و ئێستا لەوێ ڕاگیراون. ئەو سەرچاوەیە کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نەیویست ناوی ئاشکرا بێت ڕایگەیاند کە، عەلی سادقی داواکاری گشتی (دادستان)ی شاری دالاهۆ داوای کردووە کە ئەو 6 کەسە بە تۆمەتی هاوکاری گرووپە تۆندڕەوە ئیسلامییەکان حوکمی سێدارەیان بەسەردا بسەپێت و ئەگەری ئەوە هەیە کە بە وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملی پەروەندە سازی بۆ ئەو کەسانە ڕی بۆ سەپاندنی ئەو حوکمە خۆش بکەن.
ڕاشیدەگەیەنن ، ئەو کەسانەی کە دەستبەسەر کراون تەمەنیان لە نێوان 17 ساڵ و 30 ساڵ بووە و بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە گەیشتوون 15 کەس دەستبەسەر کراون، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا ناسنامەی 7 کەسیان بۆ هەنگاو ڕوون بووەتەوە.

لە ئێران دادوەرێک داوای سزای لە سێدارەدان بۆ 6 بەندکراوی کورد دەکات

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیێنێت ، داواکاری گشتی شاری دالاهۆی کرماشان خوازیاری ئەوە بووە کە 6 بەندکراوی ئەمنیەتی خەلکی ئەو شارە لە سێدارە بدرێن. دەشڵێت: هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری دالاهۆ هێرشیان کردووەتە سەر گوندی باباجانی ئەبودجانە (خواروو) و پێنج هاووڵاتیان دەستبەسەر کردووە.

ناسنامەی ئەو 5 هاووڵاتیە کە بۆ هەنگاو ڕوون بۆتەوە بە شێوەیەی خوارەوەیە:
1- عەلی ڕەزا محەمەدی کوڕی نورمحەمەد
2- پوریا عەزیزیانی کوڕی عەزیزوڵڵا
3- یەعقووب ئەڵماسی کوڕی مەجید
4- سامان محەمەدی کوڕی حەیدەر
5- حەمزە محەمەدی کوڕی کاکە عەزیز

ڕێکخراوەکە دەشڵێت، ئەو هێزانە ڕۆژی دواتریش کەسێکی دیکەیان بە ناوی "پەیمان محەمەدی" دەستبەسەر کردووە. سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لەبارەوە بە ڕێکخراوی هەنگاوی ڕاگەیاندووە کە، ئەو 6 هاووڵاتییە دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی 20 ڕۆژ لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی هێزەکانی کرماشان لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون، گواستراونەتەوە بۆ بەندیخانەی دیزڵئاوای ئەو شارە و ئێستا لەوێ ڕاگیراون. ئەو سەرچاوەیە کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نەیویست ناوی ئاشکرا بێت ڕایگەیاند کە، عەلی سادقی داواکاری گشتی (دادستان)ی شاری دالاهۆ داوای کردووە کە ئەو 6 کەسە بە تۆمەتی هاوکاری گرووپە تۆندڕەوە ئیسلامییەکان حوکمی سێدارەیان بەسەردا بسەپێت و ئەگەری ئەوە هەیە کە بە وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملی پەروەندە سازی بۆ ئەو کەسانە ڕی بۆ سەپاندنی ئەو حوکمە خۆش بکەن.
ڕاشیدەگەیەنن ، ئەو کەسانەی کە دەستبەسەر کراون تەمەنیان لە نێوان 17 ساڵ و 30 ساڵ بووە و بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە گەیشتوون 15 کەس دەستبەسەر کراون، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا ناسنامەی 7 کەسیان بۆ هەنگاو ڕوون بووەتەوە.

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران

دوو پاسدار کوژران و دووی دیکەیش بریندارببوون

لە ئاکامی پێکدادانێک لە نێوان سوپای پاسداران و گرووپێکی چەکداری لە قەزای سەراڤان سەربە پارێزگای سیستان و بەلوچستان باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، دوو پاسدار کوژران. تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە کە لە ئاکامی پێکدادانێک لە نێوان سوپای پاسداران و گرووپێکی چەکداری لە قەزای سەراڤان نزیک سنوور لەگەڵ پاکستان، دوو پاسدار کوژراون و دووی دیکەیش بریندارببوون. جەیشول عەدل کە لە لایەن ئێرانەوە وەک "ڕێکخراوی تیرۆریستی" لەقەڵەمدراوە و خۆیشی بانگەشەی ئەوە دەکات "داکۆکی لە مافەکانی گەلی بەلوچی سوننە مەزهەب دەکات" خەباتی چەکداری دەکات لە دژی ئیدارەی تاران.



ئێران کەشتییەکی نەوتهەڵگری جەزائری ئازادکرد

ئێران کەشتییەکی نەوت هەڵگری سەر بە کۆمپانیای وەبەرهێنەری نەوت و غازی سروشتی جەزائر سۆناتراکی ئازاد کرد کە لە گەروی هورمز دەستی بەسەردا گرتبوو. بەپێی ئەو زانیارییەی لە بەرپرسانی سۆناتراکەوە بڵاوکراونەتەوە، هێزەکانی ئاسایشی کەنار دەریای ئێران، ئێوارەی ڕۆژی شەممە بۆ چەند کاتژمێرێک دەستیان بەسەر کەشتییەکی نەوت هەڵگری ئەو کۆمپانیایەدا گرتووە. دوای ئەوەی پەیوەندیکرا بە بەرپرسانی تارانەوە، کەشتییە نەوت هەڵگرەکە ئازاد کرا و بەرەو پالاوگەی رائس تەنووری سعوودیە بەڕێکەوت .لە هەواڵێکدا کە لە ئاژانسی هەواڵیی فەومی جەزائیر APS بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە، کەشتییەکە کە توانای هەڵگرتنی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە لە کاتێکدا بەرەوە سعوودیە چووە بە مەبەستی نەوت هەڵگرتن لە گەروی هورمز دەستی بەسەردا گیراوە.

پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی: ئەمەریکا خوازیاری جەنگ نییە لەگەڵ ئێران

لەوانەیە جەنگ ببێتە هۆی ئەوەی نەوت بگاتە سەرووی 100 دۆلار



پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی، پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام رایگەیاند کە "هێزی چەکی ئێران لە ناوچەکە، خەرجی جەنگ، مەرجی دەنگدەر لە ئەمەریکا و ئەزموونی جەنگ لە رابردووی نزیکدا" هۆکارن بۆ ئەوەی حکوومەتی واشنتۆن دەستوەردانی سەربازیی لە ئێران نەکات.

باڵادەستیی سەربازیی ئێران

پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام لە دیمانەیەکیدا لەژێر ناوی "چوار هۆکاری بێ دەنگی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران" لەگەڵ رۆژنامەی شارک کە بە نزیکی لە ریفۆرمخوازەکان ناسراوە، هەڵسەنگاندنی بۆ هۆکارە سەربازیی، ئابووریی و سیاسییەکان کرد کە لە پشت هەڵوێستی ئەمەریکاوەن دژبە ئێران لەو گرژییەی لە نێوان واشنتۆن و تاراندا هەیە. پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی، پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام لەنێو هۆکارەکاندا لە ریزی یەکەمدا دەسەلاتی سەربازیی ئێران باس دەکات "باڵادەستی چەکی ئێران لە ناوچەکەدا "و دەڵێت: باڵادەستی سەربازیی ئێران لە ناوچەکەدا، جێگەی باسە. ئەمەریکا لەبەرئەوە خوازیاری جەنگ نییە لەگەڵ ئێراندا.

دابینکردنی خەرجیی سەربازی

پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام ئاماژە بە دووەم ئەگەر دەکات کە دەڵێت ئەمەریکا نایەوێت تەنها خۆی خەرجی تێچووەکانی ئایشی کەشتییە نەوت هەڵگرەکان بکات لە کەنداو، بۆ ئەوەیش لێدوانەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپی وەبیرهێنایەوە لەبارەی ئەو پارەیەی ئەمەریکا خەرجی دەکات بۆ ئاسایشی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ. ترەمپ بەنیازی جێبەجێکردنی هەمان هەڵوێستە لە کەنداو لەبارەی ئاسایشی ئەو کەشتییە نەوت هەڵگرانەی کە بە کەنداوەکەدا تێدەپەڕن و گوتی: ئەو نەوتەی لە کەنداوەوە دەردەچێت بۆ ئەورووپا و بەشێکی زۆریشی بۆ وڵاتانی ئاسیا دەچێت. ترەمپ باوەڕی وایە کە پێویستە وڵاتانی ئاسیا زیاد لە وڵاتانی ئەورووپا خەرجی سەربازیی دابین بکەن بۆ ئاسایشی کەنداو.

ترەمپ خوازیاری دروستبوونی کێشە نییە

پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی، پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام ئاماژەی بەوە کرد کە لەو رووەوە ترەمپ خوازیاری دروستبوونی کێشە نییە بێتەئارا لە بارەی ئاسایشی کەنداوەوە و دەڵێت: کاتێک رەوشەکە وای لێهات ئەوا ئەو وڵاتانەی زیاتر وابەستەی ئەو نەوتەن کە لە کەنداوەوە دێت دەبێت رەچاوی ئەوە بکەن کە باجی زیاتر بدەن بۆ ئاسایشی ناوچەکە.

کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت

پسپۆڕی سیاسیی ئێرانی، پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام ئاماژەی بەوە داوە کە هۆکاری سێیەم کە ئەمەریکا نایەوێت جەنگ هەڵبگیرسێت بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە دەیەوێت بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو نرخی نەوت بەرزبێتەوە و گوتی: لە ئەنجامی ئەو گرژییەی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەرهەمهێنەرانی نەوت زیان بە ئەمەریکا ناگەیەنن، بەڵام لەوانەیە جەنگ ببێتە هۆی ئەوەی نەوت بگاتە سەرووی 100 دۆلار. ترەمپ ئەوەی ناوێت. بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی ئەو وڵاتە لە پێشوودا بە گەرمی لە لایەن دەستەبژێرانەوە پێشوازی لێ نەکرا. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ چەند دۆلارێک زیاتر، باری سەرشانی بەکاربەرانی ئەمەریکا سووک ناکات.

رۆڕبەی هاووڵاتیبانی ئەمەریکا نایانەوێت جەنگ رووبدات

پرۆفیسۆر دکتۆر سادق زیباکەلام هۆکاری چواردەم کە هانی ئەمەریکا دەدات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو جەنگ لەگەڵ ئێران بۆ ئەزموونی خراپی ئەو وڵاتە گەڕاندەوە لە دەستوەردانە سەربازییەکانی لە ئەفغانستان و عێراق و دەنووسێت: ئەمەریکا هەرچەند بۆ ئەوەی مەترسی نەخاتە سەر ژیانی یەک سەربازیشی لە وشکانییەوە سەرباز نەنێرێتە ئێران زۆربەی هاووڵاتیبانی ئەمەریکا نایانەوێت جەنگ رووبدات. بۆیە ترەمپ لە کاتێکدا وای نیشان دەدات کە سەرۆکێکە خۆی لە جەنگ بەدوور دەگرێت هەوڵ دەدات ئێران وا نیشان بدات کە هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە و ئەمەریکا دەکات.

مەریوان نەقشبەندی

ئەرێ بەڕاست ئێمە (خیر امە اخرجت للناس)ین؟!

ئێمەی موسڵمانان باشترین خەڵکەکانی سەر ڕووی زەوین، ئێستا خاوەنی زیاتر لە 55دەوڵەتی ئیسلامین و ناسەقامگیرترین و دواکەوتووترین وڵاتانی جیهانین و سااڵ لە دوای ساڵ موسڵمانان وڵاتانی ئیسلام بەجێدێڵن و بەرەو وڵاتانی (کوفر)دەڕۆن و لەوێ هەست بە مانای ژیان و کەرامەت و ئازادی دەکەن، لە دوای زیاتر لە 1400ساڵ هێشتا کەمتر لە 20٪ی دانیشتوانی سەر زەوی پێکدێنین، لە 100 ساڵی رابردوودا نەمانتوانیوە یەک داهێنانی زانستی، یەک پڕۆژەی ستراتیژی بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام بدەین، هیندستان زیاتر لە 800 ئایین و بیر و باوەڕ و زیاتر لە 150 جۆر خوایان هەیە، هەموویان پێکەوە بە ئاشتی لە وڵاتێکدا دەژین، کەچی ئێمەی موسڵمانان یەک خوا و یەک پێغەمبەر و یەک قورئان و یەک ئاینمان هەیە، کەچی لە هیچ شوێنێک پێکەوە هەڵناکەین، ئێستا دڵنیام هەندێک لە هاوڕێکانم دەڵێن: هەموو سستمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی ئیسلامی سستمی عەلمانی و ستەمکارن و (یەهود و نەصارا)ڕێگە نادەن موسڵمانان داهێنان بکەن، بەڵام ئاخۆ هەتا کەی باوەڕ بەم تۆمەت و بیانوانە بکەین؟ ئاخۆ چەند نەوەی تری موسڵمانان بەم بیانووە فریو دەدەن و لە وەرگرتنی وەڵامێکی موقنیع بێبەش دەبن؟ ئاخر دەبێت تەفسیرێکی مەعقوڵمان بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە هەبێت و نابێت تەنها بۆ لەبەرکردن (خیر امە)بین.

دەبێ بە خێرایی ئێمەی کورد لەم چەواشەکارییە سیاسییانەی وڵاتانی ئیسلامی خۆمان قوتار بکەین و فۆرمێکی کوردانەی ئیسلامەتی هەڵبژێرین کە جیاواز بێت لەو فۆرمە عەرەبییە تەقلیدیە چەقبەستووەی کە جیهانی ئیسلامی کردووەتە گۆڕەپانی خوێنڕشتن و دەبێ بیر لە چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بکەینەوە و نەوەکانمان بۆ ژیان و داهێنان و خزمەتی مرۆڤایەتی ئامادە بکەین نەک بۆ مردن و خۆکوشتن.

پێشتریش ئینستاگرام هەژماری تایبەتی قاسم سولەیمانی داخستبوو

تویتەر هەژماری تایبەتی سێ ئاژانسی هەواڵی ئێرانی هەڵپەسارد

تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر هەژماری تایبەتی ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران "IRNA" ? ئاژانسی هەواڵی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی گەنجی سەر بە کەناڵی دەوڵەتی ئێران و ئاژانسی هەواڵی میهری نیمچە فەرمی هەڵپەسارد. ئەوەش زانراوە کە تەنها هەژماری تایبەتی بەشی فارسی ئەو ئاژانسانە هەڵپەسێردراوە، لە کاتێکدا بەشەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و زمانەکانی دیکەی ئەو ئاژانسانە وەکو خۆیان ماونەتەوە. هاوکات دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا لە مانگی نیسانی ئەمساڵ سوپای پاسدارانی ئێرانی بە شێوەیەکی فەرمی خستە لیستی تیرۆرەوە، تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر هەژماری سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران، جەنەراڵ محەمەد باقری، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران، محەمەد عەلی جەعفەری، سەرۆکی فەرمانگەی سەرجاوە مرۆییەکانی سەر بە هێزە چەکدارەکان، موسا کەمالی و چەند بەرپرسێکی دیکەی داخستبوو. هاوکات تۆری کۆمەڵایەتی ئینستاگرامیش هەژماری تایبەتی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران، قاسم سولەیمانی داخستبوو. جێی باسە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە 8ی نیسانی ئەمساڵ سوپای پاسدارانی ئێرانی خستبووە لیستی تیرۆرەوە، لە بەرامبەر ئەمەش ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی ئێران، فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکاخستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە.





بەهۆی ئەگەری هێرشی تیرۆریستی و هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران

دوو گەورە کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئەورووپا گەشتەکانیان بۆ قاهیرە ڕاگرت

خەبات-مەریوان نەقشبەندی: لە دوو بڕیاری لەناکاودا کە خوێندنەوە و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، هەردوو هێڵی (بریتش ئێرویز)ی ئاسمانی بەریتانی و دواتریش (لۆفتانزا)ی نەمساوی هەموو گەشتەکانیان بۆ فڕۆکەخانەی قاهیرە ڕاگرت. ئەگەرچی سەرەتا کۆمپانیای (بریتش ئێروایز)ی بەریتانی ڕایگەیاند کە بەهۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی فڕۆکەخانەکانی جیهان و بەتایبەتیش ئەو فڕۆکەخانانەی کە فڕۆکەکانی هێڵی (بریتش ئێروایز)گەشتی بۆ دەکات بۆ ماوەی هەفتەیەک گەشتەکان بۆ فڕۆکەخانەی قاهیرە ڕادەگرێت، بەڵام دوابەدوای ئەوە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی (لۆفتانزا)ش کە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی بەناوبانی نەمسا و ئەورووپایە بە هەمان شێوە بڕیاری ڕاگرتنی گەشتەکانی بۆ فڕۆکەخانەی قاهیرە دا کە ئەمەش ترسی لە لای خەڵکی میسر و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دروستکردووە کە میسرییەکان دەڵێن ڕەنگە لە میسر یان لە فڕۆکەخانەی قاهیرە شتێک ڕووبدات و خەڵکی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ترسیان هەیە، دوای ڕفاندنی کەشتییە بەریتانییەکان لەلایەن هێزە ئێرانییەکانەوە لە کەنداوی هورمز، بەریتانیا و ئەمەریکا و فەڕەنسا بەنیازی هێرشێکی سەربازی لەناکاو بن بۆ سەر ئێران. ئەگەرچی هیچ کام لەو دوو کۆمپانیا فڕۆکەوانییە بەناوبانگەی ئەورووپا بەتەواوەتی هۆکاری ئەم بڕیارەی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش میسر و ئێران ئەو دوو ئەگەرەی سەرەوەیان خستووەتە بەرچاوی خۆیان و هێشتا ئەمەریکا و بەریتانیا و دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لەسەر ئەم بابەتە هیچیان نەگوتووە.

خۆپیشاندانەکانی هۆنگ کۆنگ بەردەوامن

خۆپیشاندانە بەرفراوانەکان لە هۆنگ کۆنگ دژی ئەو پڕۆژەیاسایە بەردەوامن کە پێشنیاز دەکات چین دەستوەربداتە یاساکانی ئەو هەرێمە خۆڕێبەریە کە گرنگترین بنکەی ئابووری جیهانە.

نزیکەی دوو مانگە خۆپیشاندانەکان لە دژی ئەو پڕۆژەیاسایە بەرپێوە دەچن، هەرچەند بەرپێوەبەری ناوچەی کارگێڕی تایبەتی هۆنگ کۆنگ، کاری لام رایگەیاندبوو کە "پڕۆژەیاساکە مردووە"، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئەو هەرێمە بەردەوامن کە دانیشتوانەکەی حەوت ملیۆن و 400 هەزار کەسە.

وێڕای گەڕاندنەوەی پڕۆژە یاساکە کە ڕێگە بە چین دەدات دەست وەربداتە سیستەمی یاسایی و یاسا خۆڕێبەرییەکانی هۆنگ کۆنگ، بەڵام خۆپیشاندەران بەردەوامن لە دەربڕی ناڕەزایەتییەکانیان و دوێنێ یەکشەممە لە بەردەم پارکی ڤیکتۆزا گردبوونەوە بۆ ئەوەی بچنە بەردەم تەلارەکانی حکوومەت، بەڵام بە هۆی وەرنەگرتنی مۆڵەتی پێویست خۆپیشاندەران تەنها دەتوانن تاکو بەردەم بنکەی پۆلیس بڕۆن. بەرەی مافەکانی مرۆڤ کە یەکێتیکە لە گرووپە هەرە چالاکەکانی ناوچەکە، خۆپیشاندانەکەی ڕێکخستووە و دەیان هەزار کەس بەشداربیان تیادا کردووە کە زۆربەیان گەنجن.

بەسەرپەرشتی بەرپرسی لقی 16 لەناحیەی دارەتوو کۆتایی هێنرا بەخولێکی رۆشنبیری



بەمەبەستی زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پێگەیاندنیان لەبواری جیاجیاکاندا لەناحیەی دارەتوو بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و تەیب زرار شێروانی و خدر مەنتک کارگێڕانی لق و بەشداربووانی خولەکە و بەرپرسانی حزبی و حکومی سنوورەکە ,لەمەراسیمێکی جوان و شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی رۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی دارەتوو بۆ ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی سنوورەکە کردبوویەوە .

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای دەستخۆشی گەرمی لە لێژنە ناوچەی دارەتوو سوپاسی بەشداربووانی خولەکەیشی کرد کە لەماوەی خولەکەدا ئەرکەکانی خۆیان بەباشی بەجێگەیاند و ئاماژەی بەگرنگی خولەکەشکرد کە لەرێگەیەوە توانرا کۆمەڵێک زانست و زانیاری پر بەهابەشداربووانی بگەیەنێت , هەروەها داوای لەبەشداربووانی خولەکە کرد ئەو کۆمەڵە زانست و زانیارییەی لەماوەی خولەکەدا وەریان گرتووە لەژیانی رۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن و لەرێگەیەوە خزمەت بەچین و تووێژە جیاجیاکانی سنوورەکەی دەدەن .

سنوورەکەیان بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی بکەن .

لەدوا وێستگەی مەراسیمەکەدا بڕوانامەی دەرچوون لەلایەن بەرپرسی لقی16 و ئامادەبووانەوە بەخشرایە بەشداربووانی خولەکەو لەلایەن خۆشیانەوە سوپاسی گەرمی لقی16ی هەولێرو لێژنەی ناوچەی دارەتوویان کرد لەبەرامبەر ئەو گرنگیدانە زۆرەی بەتەواوی چین و تووێژەکانی سنوورەکەی دەدەن .

ئافرەتا کورد ب وانێن کوردایەتێ جەنگاوەر دروستکرن



سەرۆکا ترانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ ئێک، ب ئاماژەبونا کارگێرێن لقێ ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا سکرتێرا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ و شاندێ دگەل دا کر، دڤێ روینشتنێ دا هەردوو ئالیان گەنگەشە ل سەر رولێ ئافرەتێ ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ کر و دیسان ل سەر وان بەرنامە و پلانێن روژێن داهاتی یێن ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ راوستیان، هەروەسا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ چەندێ کو ئافرەتا کورد نەخاسمە د شورەشێ دا ڕۆلەکێ هەری مەزن و بەرچاڤ هەبو ژبلی کو پارزینکێن پێشمەرگەها تژی نان و ئاڤ دکرن لێ قوتابخانەیەکا دی یا مەزن ژی بوون ژ دروستکرنا عەگید و قەهرەمانا بۆ وەلاتی لەوما ئافرەتا کورد کو سمبولا بەرخودانێ تێتە نیاسین و دڤێت ئەڤرو ژی کەد و ماندوبوونا ڤان ئافرەتان نەهێتە ژبیرکرن، دڤێت ئافرەتا ئەڤرو ژی ب وێ ڕوحا بەرخۆدانێ کار بۆ ئاخ و نەتەوا خوە بکەت. لەلایەکی دیکەوە، ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ ئێک سەرا نەخوشخانا هەوارهاتنا دهوکێ دا و ب نێزیکی هایداریی رەوشا تەندروستی یا هاولاتییێن گوندێ سپێنداریّ بوو ئەوێن ئەڤرو کەتینە بەر بومبەییێن فروکێن تورکیا و هیڤی یا سلامەتیێ بو خاست و ئامادەبوونا خو دا دیارکرن بو هەر جورە هاریکارییەکێ.

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەستبەکار بوو



یەکشەمە 2019/7/21 د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکاربوو. لەمەراسیمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی راوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی و وەزارەت و بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانەوە پێشوازی گەرم لە بەڕێزیان کراو چەپکە گوولی بەخێر هاتنیان پێش کەش بە وەزیری نوێی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد. لە وتەیەکدا وەزیری ئەوقاف خۆشحالی خۆی بۆ پێشوازی گەرمی فەرمانبەرانی وەزارەت دەربری رایگەیاند کە ئامانجی سەرەکی دەسبەکاربوونی ئێمە وەک وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشکەش کردنی باشترین خزمەت بەهەموو پێکهاتەکانی وەزارەت ، هەروەها تەئکیدی لەوەش کردەوە کە لەماوەی چوار ساڵی داهاتوو لە نێو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا دەست دەکەن بە چاکسازی و ئەوەی پێویست بێت بەرەو پێشبردنی پرۆژەکانی وەزارەت ئەنجامی دەدەین، بەڕێز وەزیری ئەوقاف رایگەیاند کە ئەولەویەت و کاری لەپێشینەی وەزارەت کارکردن و ڕێزی بێ ئەندازەیە بۆ مامۆستایانی ئایینی بەڕێزیان تەئکید کردەوە کە پێویستە سەرجەم بەپرسان و بەڕێوەبەرانی وەزارەتی ئەوقاف لەخزمەت زانایان و مامۆستایانی ئایینی بەڕێزی کوردستان بن ، وەزیری ئەو زێتر گوتی ماوەی چوار ساڵی داهاتووی وەزارەتی ئەوقاف چوار ساڵی پڕ خزمەت و پرۆژەیە بۆ ئەمەش دەبێت فەرمانبەرانی وەزارەت بەگشتی هەموو توانایەکیان بخەنە گەڕ بەئاراستەی پێشکەش کردنی هەموو خزمەتێکی بۆ هاوڵاتیان بەگشتی و مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی بەتایبەتی.

بەرپرسێ لقێ 9 پێشوازیا شاندەکێ ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانێ کر



خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ: ل هولا بارەگایێ لقێ 9سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و دگەل کارگێریا لقێ 9پێشوازیا شاندەکێ ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانێ ب سەرپەرشتیا دیار ئەحمەد بەرپرسێ کومیتەیا ڕێکخستنا ئاکرێ و سەلام سورچی بەرپرسێ کومیتەیا ڕێکخستنا ئاشتی کر ، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ ژلایێ بەرپرسێ لقێ و دروینشتنەکێ دا هەردوو ئالیان تەئکید ل سەر ڕێکخستنا ناڤمالا کوردی و ئێککرێزی و ئێکگەهلویستیا نەتەوی و نیشتیمانی یا مللەتێ کورد کرو خویا ژی کرن کو ئەڤرۆ پتر هەمی ڕوژەکێ ئەم پێدڤی ب ئێک گوتارا سیاسی و نەتەوی و نیشتیمانینە ، دتەرەکێ دی دا بەحسێ هەلبژارتنا سەروکێ هەرێمێ و سەروکێ حکومەتێ و پێک ئینانا کابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر و خویا ژی کرن کو فەرە هەمی لایەنێن سیاسی یێن کوردستانێ و کوردستانی و نەمازە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانێ و جەماوڕێ وان پالپشت و پشتەڤانێن حکومەتێ بن تاکو کوردستان بەرەڤ کوردستانەکا بهێز و گەشەدان و ئاڤەدانکرن و خزمەتکرنێ ڤە پێنگاڤا بهاڤێژیت و ئەو درویشمێن دهەلبژارتناندا هاتینە بلند کرن ب ناڤەروک بهێنە جێ بەجێ کرن ژبەرکۆ کورد و کوردستانی پێدڤی ب خزمەتکرنا زێدەتر هەیە ، لدویماهیێ شاندێ ناڤبری سوپاسیا بەرپرسێ لقێ 9کر بو وێ پێشوازیێ .

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو حاجی خالشرین

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (حاجی خالشیرین) هاوسەری خوالێخۆشبوو حاجی حوسێن دەرقەیسەری کەسایەتی دیاری هەڵەبجە و هەورمان و دایکی سێ شەهید (شەهید جەلال و شەهید سەردار و شەهید سەباح)مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە تێکۆشەرەکەتان رادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزمانی هەورامان و گوندی دەرقەیسەر دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

ڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانێ دوو ئەمبولانس پێشکێشی ساخلەمیا دهۆکێ کرن



خەبات ـ دهوک:

ل روژێن دەربازبوی شاندەکێ ڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانێ WHO سەرا ساخلەمیا دهۆکێ دا ژبۆ دیتنا خزمەتییێن ساخلەمیی و دوو ترۆمبێلین هاوار هاتنێ پێشکیشی ساخلەمیا دهۆکێ کرن.

د. نزار عسمەت ڕێڤەبەرێ گشتییێ ساخلەمیا پاریزگەها دهۆکێ دیارکرکو ڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانێ هەموو پشتەڤانیی ل مەکریە کو بشێین بەرسینگێ هەموو قەیرانان بگرین ئەڤرۆکە ژی پشتەڤانیا وان یا بەردەوامە بەری نوکە هەڤکاریا مە کریە ئەم نەخۆشخانەییێن خوە رابگرین وبەردەوامیێ بدینە کاری بو خزمەتکرنا وەلاتیان هەروەسا دواڕێ هاوار هاتنێ ژی دا چەندین جاران هەڤکاریا مە کریە بۆ دابینکرنا ترۆمبیلێن هاوار هاتنێ کو جارەکێ 15 ترۆمبێلین هاوار هاتنێ پێشکیشی ساخلەمیێ کرن و جارەکێ ژی هەشت ترۆمبێلین دی یێن هاوار هاتنێ داینە ساخلەمیێ و ونها ژی دوو ترۆمبێلین دی یێن هاوار هاتنێ پێشکیشی مە کرن .

هەروەسا گوت: ڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانێ WHOدێ سەنتەرەکێ هەوار هاتنێ ل قەزا سێمێلێ دروست کەن وەکو سەنتەرێ 122یێ دهۆکێ دا ئەم بشێین باشتر خزمەتا خەلکێ خوە بکەین و مە داخوازا پتر پشتەڤانیێ ژ ڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانێ کریە بتایبەتی ژی دواڕێ ساخلەمیا دەروونی وخوەپاراستنێ دا وبەرپرسێن ڕێکخراوێ تەکەزکریە دێ بەردەوام بن دگەل مە دا.

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم:

چاوەڕوانین حکومەتی عێراق پارەی گەنمی جووتیاران بەزوویی ڕەوانە بکات

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕوونیکردەوە: بڕیار وایە بۆ ئەمساڵ بەغدا پارەی تەواوی گەنمی جووتیارانی هەرێم خەرج بکات بەڵام تەنها 15 ملیار دینار پارەی گەنمی جووتیارانی ئەمساڵ لەلایەن بەغداوە ڕەوانەی هەرێم کراوەو پارەکان قۆناغ بە قۆناغ دەگەن.

دواتر دەربارەی پارەی سێ ساڵی ڕابردووی گەنمی ڕادەستکراوی جووتیاران ملیارێک دینار دابەشکراوە بڕی 557 ملیار دینار ماوەو دوو نوسراوی فەرمی لە ڕێگەی سەرۆکی تازەی هەرێمی کوردستان ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کراوەو چاوەڕوانی وەڵامی تۆن و تائێستا 290 هەزار تۆن گەنمی ئەمساڵ ڕادەست کراوەو تا ئێستا 50هەزار تۆن ماوەو وەرگرتنی گەنمی جووتیاران درێژەی هەیەو داواکارین حکومەتی عێراق جیاکاری نەکات لەنێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق.

دەکەوێت لەکۆی 340 هەزار تۆن گەنمی ئەمساڵ 160 هەزار تۆن بۆ هەرێمی کوردستان و 180 هەزار تۆنیش بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دابەش کرابێت.

دهۆک.. ڕۆژانە نزیکەی 18 کاتژمێری کارەبا بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێت

جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک گوتی، دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی کارەبای پاریزگای دهۆکی چارە کرد، لە ئێستادا دۆخی کارەبای نشیتمانی لە سنووری ئەو پاریزگایە باشە و ڕۆژانە نزیکەی 18 سەعات کارەبای نیشتیمانی بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێت.

ئیبراهیم ئەحمەد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گازی پێویستی بۆ ئێمە دابین کرد، لە ئێستادا دۆخی کارەبای نیشتیمانی بەراورد بە ڕابردوو باشتر بووە و کارەبای زیاتر بۆ هاونیشتیمانیان دابین دەکرێت، چونکە پێشتر وێستگەی کارەبای کاشێ 55 میگاواتی بەرهەم دەهێنا و ئێستا بۆ نزیکەی 160 میگاوات کارەبا زیاد بووە، داواکاریی ئێمەش لە حکومەت ئەوە بوو، کە بۆ وەرزی هاوین گازی زیاترمان بۆ دابین بکەن و ئەوانیش داواکارییەکەیان جێبەجێ کرد".

ئەحمەد گوتیشی: "مەبەستی ئێمە لەو کارە ئەوە بوو، کە سەعاتی کارەبای مۆلیدە کەم ببێتەوە و کارەبای نیشتمانی زیاد ببێت، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا لە سنووری دهۆک ڕۆژانە نزیکەی 18 سەعات کارەبای نیشتیمانی بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێت، ئەمەش بەراورد بە ڕابردوو باشترە".

یەکێکە لە گرنگترین دۆزینەوەکانی جیهان و پێشینەی نەبووە

کۆنترین مزگەوت لە ئیسرائیل دۆزراوەتەوە مێژووەکەی بۆ 1200ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە





مزگەوتەکە شێوەی چوارگۆشەیە و لە بەشی باشووریدا میحرابێکی بە ئاڕاستەی مەککە تێدایە

دامەزراوەی شوێنەوارە میژوویەکانی ئیسرائیل ئاشکرایکرد لە شاری ڕەهت-ی باشووری ئیسرائیل (خاکی میژوویی فەلەستین)، مزگەوتێک دۆزراوەتەوە کە میژووەکەی بۆ سەدەی حەوت و هەشتی دوایی زایین دەگەڕێتەوە.

دامەزراوەی شوێنەوارە میژوویەکانی ئیسرائیل ئاشکرایکرد لە شاری ڕەهت-ی باشووری ئیسرائیل (خاکی میژوویی فەلەستین)، مزگەوتێک دۆزراوەتەوە کە میژووەکەی بۆ سەدەی حەوت و هەشتی دوایی زایین دەگەڕێتەوە.

بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە لە میانی کارەکانی دروستکردنی گەڕەکێکی نوێ لە شاری ڕەهت-ی باشووری ئیسرائیل (فەلەستین) کە دەکەوێتە بیابانی نەجەف (نێگێف)، مزگەوتێک دەرکەوتووە کە مەزندە دەکرێت میژووەکەی بۆ سەدەی حەوت و هەشتی دوای زایین بگەڕێتەوە.

بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە لە میانی کارەکانی دروستکردنی گەڕەکێکی نوێ لە شاری ڕەهت-ی باشووری ئیسرائیل (فەلەستین) کە دەکەوێتە بیابانی نەجەف (نێگێف)، مزگەوتێک دەرکەوتووە کە مەزندە دەکرێت میژووەکەی بۆ سەدەی حەوت و هەشتی دوای زایین دەگەڕێتەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن دامەزراوەکەوە لەلایەن دامەزراوەکەوە

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕوونکردنەوەی بەڕێوەبەرانی یەکەی هەڵکەندنی سەربە دامەزراوەکە، جۆن سێلیگمان و شاهار زور، بڵاوکراوەتەوە کە باسیان لەوە کردووە ئەم دۆزینەوەیە یەکێکە لە گرنگترین دۆزینەوەکانی جیهان و بەتایبەت کە شتێکی لەوشێوەیە پێشینەی نەبووە.

هەروەها تیشکیان خستووەتە سەر ئەوەی مزگەوتەکە بەڕاورد بە مزگەوتەکانی مەککە و قودس لەو سەردەمەدا، مزگەوتێکی بچووکە و وادیارە خزمەتی بە جووتیارەکانی ناوچەکە کردووە.

جۆن سێلیگمان و شاهار زور تیشکیان خستووەتە سەر ئەوەی مزگەوتەکە شێوەی چوارگۆشەیە و لە بەشی باشووریدا میحرابێکی بە ئاڕاستەی مەککە تێدایە.

هاوکات بۆچوونی پسپۆڕی قۆناغە یەکەمەکانی ئیسلام، گیدیۆن عەونی کە سەربە دامەزراوەی شوێنەوارە میژوویەکانی ئیسرائیلە، لە ڕاگەیەندراوەکدا جێکراوەتەوە و سەبارەت بە مزگەوتە 1200ساڵەکە ئاماژەی بەوەکردووە:

"ئەمە کۆنترین مزگەوتە کە دۆزرابێتەوە لە ساڵی 636ەوە کە لەڕێگەی فەتحە عەرەبییەکانەوە، ئیسلام گەیشتووەتە ئیسرائیل.

دۆزینەوەی مزگەوتەکە لە نێوان بیر شیقا و ئاشکێلۆندا، لە نزیک ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی کشتوکاڵیی، ئاماژەیە بەوەی وڵاتەکە بەر لە ڕۆمانییەکان بۆ گۆڕانی کولتووریی و ئایینی لە قۆناغی ئیسلامدا، تێپەڕیوە".





وشککردنەوەی سەوزە بەڕێگا کۆنەکەی

هەڵخستنی بیبەر، کولەکە، باینجان و تڕۆزی لە گردە بەرزەکانی عەنتاب بەمەبەستی وشککردنەوە بە ڕێگا نەریتییەکان دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگ بە ناوچەکە دەبەخشن



عەنتاب کە لەلایەن یونسکۆوە لە ڕووی خۆراکەوە خراوەتە لیستی "تۆڕی شارە داهێنەرەکان" بە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر کرێکاران ناو بیبەر، کولەکە، باینجان و تڕۆزی دەکۆڵن و بە داویانەوە دەکەن. ماوەیەک دەیانخەنە ناو ئاو و پاشان لە بەرزاییەکانی شارەکە لە بەر تیشکی خۆر هەڵدەخرێن. دوای ئەوەی بە تێکڕایی 15 ڕۆژ لە بەر خۆر دەهێڵدرێنەوە کۆدەکرێنەوە و لە پاکەت دەنێرن و ڕەوانەی ناوچەکانی دیکەی تورکیا دەکرێن بەمەبەستی فرۆشتن.

گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانی بەمەبەستی کڕینی بەهارات و سەوزەی وشککراوە ڕوو لە بازاڕی ئەلماجی دەکەن لە شارەکە.

ئەرەن دۆگان یەکێکە لەوانەی بە وشککردنەوەی سەوزەوە سەرقاڵە، دەڵێت: بەهۆی بۆن و تامۆچێژی ناوازەی وشککراوەکانییەوە عەنتاب لە سەرتاسەری تورکیا بەناوبانگە.



خالد ئەحمەد بادی

ژ دەستدانا باوەریێ کارەساتا دروست دکەت

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٥٤٣/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عمر صباح فاضل
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٢١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٤٧٧/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عمر محمد حامد فتاح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر محمد نوری
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٢٨٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (شیار) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢١
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٣٢١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بارژن) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتیمانی
ژمارە: ٣٤٣١
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢١
بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)
پاڵپشت ب ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (Super decor) بۆ (بازرگانی گشتی – هێنان و بردن/ سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠١٩/٦/٢٥)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا ۆ دانانا بەرێز (هانی اندریوس میرزا) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری.
ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١)ێ سالا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢١
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کۆمپانیان دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتیمانی
ژمارە: ٣٤٢٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢١
بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)
پاڵپشت ب ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (اسکییل دیکور Askiyl Decor) بۆ (بازرگانی گشتی – هاورده و هەنارده/ سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠١٩/٦/٢٥)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا ۆ دانانا بەرێز (هانی اندریوس میرزا) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری.
ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١)ێ سالا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢١
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کۆمپانیان دهوك

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ۲۲۳/ت/۲۰۱۷
رۆژ: ۲۰۱۹/۷/۷
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میران کاوە سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤٠٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۱/۱۹ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ۵۹۱/ت/۲۰۱۷
رۆژ: ۲۰۱۹/۷/۲
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: حوصت حمدامین موسی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوانی راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۱/۱۷ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ۱۲٦٥/ك/۲۰۱۸
رۆژ: ۲۰۱۹/۷/۱۱
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شوان عمر شهاب
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۸/۲۹ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / بێخال محمد مصطفی
***
دادگای بەرایی لەکۆیە
ژمارە/ ۳٦/ب/۲۰۱۹
رێکەوت ۲۰۱۹/۷/۱۵
ئاگانامە
پشت بەستن بەبڕیاری ئەم دادگایە بەژمارە(۳٦/ب/۲۰۱۹) لە (۲۰۱۹/۷/۱۸) کەپلەی کۆتایی وەرگرتووە تایبەتە بە ازالە شیوع لەسەر مولکی ژمارە(٤/۸۰) گەرەکی (قەڵات) لەشاری کۆیە کە وەصف و نیشانەکانی لە خوارەوە دیاریکراوە ئەم دادگایە ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات کەمولکی ناوبراو ئەفرۆشرێت بەزیادکردنی ئاشکرا لەدوای(۳۰) سی رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە جا ئەوەی ئارەزووی کڕینی هەیە لە هاوبەشان و کەسانی تر ئامادەبێت لەم دادگایە لەوادەی دیاریکراو بەمەرجێ بارمتەی یاسای بەرێژەی ۱۰٪ ی نرخی خەمڵێنراو لەگەڵا خۆی بهێنێت ئەگەر هاوبەشی نەبێت و وەزیادکردنەکە لەکاژمێر(۱۲) ی نیوەرۆ دەست پێدەکات وەئەگەر رۆژی زیادکردنەکە پشووی ڕەسمی بوو ئەول رۆژی دوایی ئەبێتە وادەی زیادکردن.
وەسف و و نیشانەکانی زەویەکە:-
۱- مولکی ژمارە(٤/۸۰) گەرەکی(قەڵات)
۲- ڕووبەرەکەی (۲۲۷/ م۲)
۳- پێکهاتەکەی بریتی لە خانوێک لەسەر شێوازی کۆن دروستکراوە پێکهاتووە لە(٤) چوار ژوورو هۆڵا و مگبخ و ئاودەست و حەمام لەگەڵا بەیتونەیەک، بەشێکی لەبەردو گەچ و بەشێکی دیکەی لەبلۆک و چەمەنتۆ دروستکراوە سەری بەشیش و چەمەنتۆ گیراوە.
٤- نرخی خەمڵێنراو (۵۰,۰۰۰,۰۰۰) پەنجا ملیۆن دینار
دادەر/ جاسم حمد رضا
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک
ژمارە / ۲۱/ ۲۰۱۹/انابە
رێکەوت/ ۲۰۱۹/۷/۲۱
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
بۆ / قەرزار (مسعود صالح سعید/کومپانیا مسعود صالح سعید - گورینی دراو/تاک)
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بوبە بەپێی ماد (٦۹) دووەم لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە رێی دوو رۆژنامەی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین کە کومپانیای ئێوە بە بنبری فروشرا بە بری (٥٤٦۰۰۰۰۰) پەنجا وچوار ملیون وشەش سەد هزار دینار لە جیاتی بری پارەی خاوەن قەرز بریاردرا فروشتنەکەتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (۳/سێ) رۆژ لە رۆژی دوای رۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٥۲۷۸۰٦۰۰) پەنجا ودوو ملیون وحەوت سەد وهەشتا هزار وشەش سەد دینار بە پێچەوانەوە کومپانیاکە بە پێ ی یاسا بەناوی کریار تۆمار دەکرێت
هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بە جێ کاری داد)
***
دادگای تاوانی هەولێر/۱
ژمارە: ۱٤۱/ج/۲۰۱۷
رێکەوت: ۲۰۱۹/٦/۲٤
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ سردار مصطفی احمد مصطفی
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/۱ لە داوای ژمارە ۱٤۱/ج/۲۰۱۷ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ۲۰۱۸/۱۲/۳ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٤ چوار ساڵ بەپێی ماددەی ٤٤۳ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ۲٤۳ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/۱
ژمارە: ۳٥۱/ج/۲۰۱۸
رێکەوت: ۲۰۱۹/٦/۲٤
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هێمن رشاد حسین
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/۱ لە داوای ژمارە ۳٥۱/ج/۲۰۱۸ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ۲۰۱۹/٤/۱۰ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ۱۰ دە ساڵ بەپێی ماددەی ۲۸۹ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ۲٤۳ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ۱۰/ج/۲۰۱۹/٤
رێکەوت: ۲۰۱۸/۷/۱٦
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ رحان رسول زاده و رشید کاك الله فتح الله
جەخت کردنەوە لەسەر ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٤۰٦ بە دەلالەی مادەکانی (٤۷ و ٤۸ و ٤۹) لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ۱٤۳ لەیاسای بنەماکانی دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۰/۱ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ تحسین طه رسول
***
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە:٦/ك.س/۲۰۱۸
رێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۱٦
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (ریبین صلیوه شابا)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ۱٤۳/ج یاسای بنەماکانی دادگاکەمان بڕیاری لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایەت لە کاتژمێر (۹) ی بەیانی لە بەروارێ ۲۰۱۹/۹/۸ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٤٤٦) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ عبدالباسط مسعود احمد
***
دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە:٦۱۹/ك/۲۰۱۹/۳
رێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۱۰
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: محمد رشاد مصطفی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ۱٤۳/ج یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەرێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایەت لەکات ژمێر (۹)ی بەیانی لەبەروارێ ۲۰۱۹/۹/۹ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥۷ لەیاسای سزا بۆیە بەپێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/۱
ژمارە/٥۲۳/ك/۲۰۱۹/۱
رێکەوت/ ۲۰۱۹/۷/۱۰
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هۆگر جعفر عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /۱٤۳ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا لەبەردەم دادگای کەتنی رواندز لە کاتژمێر (۹:۰۰)ی سەر لەبەیانی رۆژی (۲۰۱۹/۹/۲) ئامادەبیت بەمەبەستی دادگایی کردنت لە داوای ژمارە (۲٥/ك/۲۰۱۹) بەپێی برگەی (۹) لە بریاری (٥٤۸) سالی (۱۹۷۹) بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت بە ڕێو ە دە چێت.
دادەر/ بلال غازی کاك امین
***
دادگای کەتنی سوران
ژمارە/۱۲۲/ك/۲۰۱۹
رێکەوت/ ۲۰۱۹/٦/۲۷
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ بلال قادر شاکر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە پالپشت بە ماددە (۱٤۳/ج) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا لەبەردەم دادگای کەتنی رواندز لە کاتژمێر (۱:۰۰) دەی سەر لەبەیانی رۆژی (۲۰۱۹/۹/۲۲) ئامادەبیت بەمەبەستی دادگایی کردنت لە داوای ژمارە (۱۲۲/ك/۲۰۱۹) تایبەت بە سکالاکار (هیمت فیصل هینی) بەپێی مادەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان، بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت بە ڕێو ە دە چێت.
دادەر/ بلال غازی کاك امین
***
فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی / یەك
ژمارە /۱٤۳
بەروار / ۹ /۷/ ۲۰۱۹
ئاگاداری
بە پێی ئەم داوایەی کە لەلایەن داواکار پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (کۆمپانیای چیاو بۆ بازرگانی گشتی و بەرهەم هێنانی ئایس کریم و شیرەمەنی و شەربەت و شکولات / سنوردار) (هیوا محمد کریم ـ بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراو) داواکارە بە تۆمارکردنی ئامێرەکانی (کارگەی چیاو بۆ گەنجینەی شەربەت و بەرهەم هێنانی شەربەتی بەستوو) لە کە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون وە لە لیستی هاوپێچ دیاری کراوە بە پێی یاسای ژمارە (۳۳ لە ساڵی ۱۹۹۸) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەکێ لەم ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (۱٥) ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێ وە بڕوانامەی پێ دەدرێت
دادنووس /خالد قاسم درویش
ئامێرەکان:-
ژ ا ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی
۱/ هۆپەری شەکر لەگەڵ پێنج خەزان هەر خەزانێك ۳م(سێ متر مکعب) ا ۱۰۸ ا ئێرانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۲/ ئامێری تێکردنی شەربەت (تعبئە) ژمارە (۱) ا ۱۰۹ ا ئێرانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۳/ ئامێری بۆیلەری بخار ۱.٥ گن لەگەڵ (ملحقات) ا ۱۱ ا ئێرانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
٥/ ئامێری برەشەری بخار ا ۱۱۲ ا ئێرانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
٦/ کۆلینگ تاوەر ا ۱۱۳ ا ئێرانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۷/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۲۰ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۸/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۱۹ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۹/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۱۷ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۱۰/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۱٦ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۱۱/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۱٥ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۱۲/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۱٤ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ
۱۳/ کۆمپرەسەر ساردکردن جۆری Bitzer ا ۱۱۸ ا ئەڵمانی ا ۲۰۱۰ ا ٤ ئەسپ

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Minister's office
Contracts directorate

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب الوزير
مديرية العقود

ژمارە : 4236
رێکەوت ؛ 2019/7/8

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (3)ی ساڵی 2019

وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (دابین کردنی گۆڕەری پاوەر (kv11/33) بە قەبارەی (16 MVA) بە گشت پێداویستیەکانیەوە بۆ وێستگەی چۆمان) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر هەر بەلێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن :

1- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (2) ساڵی (2016) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .
2-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.
3- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (180) سەدو هەشتا ڕۆژی تەقویمیە لە بەرواری دەست بەکاربوون .
4- بەلێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی

هاوکێشەی / پێبژاردنی ڕۆژانە = (گۆڕەی گرێبەست / ٪10×) لە ڕێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان .

5- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (12)مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .
6- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (12.700.000) دوانزە ملیۆن حەوت سەد هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی) .
7- 5٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .
8- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت.
9- بەلێندەر نابێت بەهیچ جۆرێك فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بەکار بهێنێت .
10- لەکاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرخستەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگیرێت.
11- دەبێت کۆمپانیا لە پلە حەوت کەمتر نەبێت ئەگەر بەلێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.
12- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.
13- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
14- بەلێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .
15- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.
16- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .
17- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .
18- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
19- نرخی کرینی تەندەر (100,000) سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.
20- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواره دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .
21- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لەرۆژی سێ شەممە لە ڕێکەوتی 30/ 7 /2019 دەبێت کاتژمێر (12) نیوەڕۆ.

هۆگر محمد فرج شالی
بریکاری وەزارەت

بشدار 2019/7/1 هاجر

Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213

www.krgelectric.org
moe-kr@hotmail.com

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/7/22 ژمارە (5794)



وەرزش و سیاسەت..

ئەو هێزە نەرمەی هەرگیز دان بە سنووری جوگرافیەکاندا نانێ

تا : هەندرین شێرزاد

ئامرازەکانی هێز ، ئەوانەی دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی پشتیان پێ دەبەستێ بریتین لە ئامرازی توند و نەرم و زیرەک و تیژ . ئەگەر ئامرازە توند و تیژەکان بریتی بن لە هێزی سەربازیی و سزای ئابووری ، ئەوا ئامرازە نەرمەکانیش بریتین لە لایەنە کلتووری و رۆشنبیری و وەرزشیەکان . ئەوەی لێرەدا مەبەستە ، پەنابردنی دەوڵەتە بۆ وەرزش وەک هێزێکی نەرم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەکی دیاریکراو وەک شێوازێک بۆ سەپاندنی سیاسەتی دەرەکی خۆی .

رۆڵی وەرزش

زۆربەی هەرەزۆری بابەت و لێکدانەوەکان کە سەبارەت بە رۆڵی هێزی نەرم لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی وڵاتان نووسراون ئامادە کراون ، زیاتر پڕاوانەتە سەر باسکردنی لایەنە رۆشنبیری و کلتوری و ئەدەبییەکان و کەمیان رووبان کردۆتە ئەو ئاراستەیەی کە وەرزش وەک یەکێک لەو ئامرازانە بخەنە ڕوو ، لە کاتێکدا وەرزش رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پتەوکردنی ئاشتی و سەقامگیریی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا و لە بەرامبەریدا سنووری جوگرافیەکان و جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان نامێنن و دەشبێتە هۆکارێک بۆ گەشەکردنی ئابووری ، بەمەش دەردەکەوێ کە پەیوەندی و کاریگەریەکی دوولایەنە لەنێوان وەرزش و سیاسەت هەیە و ئەم پەیوەندیەش لەدایکبووی دوێنێ و ئەمڕۆ نیە .

گرێک و ڕۆمانەکان

ئەگەر چاوێک بە لاپەڕەکانی میژووی گرێکەکاندا بخشێنینەوە ،دەردەکەوێ ئەو دەڕگا وەرزشیانەی ئەوان دایانمەزراندووە تەنیا تایبەت بوون بە لاوانی خۆیان ، لە راستیدا ئەوان وەک یەکێک لە ئامرازەکانی پاراستنی هەژموونی سیاسی سەیری یاریە وەرزشیەکانیان کردووە .ڕۆمانەکانیش وەرزشیان بۆ مەبەستی سیاسی بەکار هێناوە و هەوڵیان داوە بۆ رازیکردنی جەماوەر و کۆکردنەوەی پشتگیریی و بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی سەربازانیان یاری وەرزشی جۆراوجۆر ساز بکەن .

لە نێوان وەرزش و سیاسەتدا

ئەوەی مایەی سەرنجە ، سەرجەم دامودەزگا وەرزشیە جیهانیەکانی وەک لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی و یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ ڕەتی دەکەنەوە کە سیاسەت و وەرزش تێکەڵی یەک بکرێن ، ئەوان ئەگەرچی دەزانن کە پەیوەندیەکی دوولایەنە لە نێوان سیاسەت و وەرزشدا هەیە و هەر لایەک لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی سوود لە لای بەرامبەر دەبینێ

لەسەر ئاستی ناوخۆ

هەر یەکە لە سیاسەت و وەرزش هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵک دەدەن بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانیان ، پیاوانی سیاسەت لە کاتی ململانێدا لەگەڵ ناحەزانیان ،وەک گۆڕەپانێکی گرنگ دەڕوانن وەرزش بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی جەماوەر ، بەڵکو زۆر جار هەندێک لە دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەن وەرزش بقۆزنەوە و بیکەن بە یەکێک لە سەرچاوەکانی بانگەشەکردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و جەماوەر ، بەو پێیەی وەرزش پێوەرێکە بۆ شارستانیەت و پێشکەوتنی وڵاتان .

وەرزش گەشە دەکات

شێوازەکانی پەیوەندی نێوان وەرزش و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز دەکەوێتە بەر چاو ، بۆ نموونە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیست و دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک ڕۆڵی وەرزش وەک هۆکارێکی کاریگەر لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان رووی لە هەڵکشان کرد ، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی :

پێشکەوتنی ڕۆڵی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی نێودەوڵەتی کە دەرفەتی بە جەماوەر بەخشی لە سەرتاسەری جیهان لە یەک کاتدا ئاگاداری چالاکیە وەرزشیەکان بن .

گەشەکردن و فراوانبوونی ئەو دەڕگا و ڕێکخراوانەی لە بواری وەرزشدا کار دەکەن و سەرکەوتنیان لە دارشتنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە سەرجەم چالاکیە وەرزشیەکان ، ئەمەش وایکرد ئەم چالاکیانە لە سەرجەم سنووری سیاسیە نێودەوڵەتیەکان لەیەک نزیک ببنەوە .





مانشێت



سکای نیوز:
لە بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی کەشتیەکی نەوتهەڵگری بەریتانی ، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بە دووری نەزانی لەندەن چەند سزایەک بەسەر ئێراندا بسەپێنێ .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
پۆلیسی هۆنگ کۆنگ دەستی بەسەر کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی ژمارەیەک بلاوکراوەی زۆرداگرت کە تیایاندا هانی خەڵک دراوە کە کار بۆ سەربەخۆیی بکەن .



ڕۆیتەرز:
لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا زیاتر لە 10 هەزار کەس خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دوور لە ساختەکاریان کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی ئەڵمانیا لە 74مین ساڵیادی هەوڵی تیرۆرکردنی هیتلەری سەرۆکی نازیەکاندا مەراسیمێکی ڕێکخست .



ئەی ئێف پی:
شەپۆلێکی گەرما لە نیویۆرک و واشنتۆن بووە هۆی گیانلەدەستدانی 3 کەس .



کەنالی ئار تی:
لە دارستانەکانی ناوەڕاستی پورتوگال ئاگرکەوتۆتەوە و تا ئێستا 4کارمەندی سەر بە فەرمانگەی بەرگری شارستانی بریندار بوون .



50 ساڵ تێپەڕی بەسەر نیشتنەوەی ئادەمیزدا لەسەر مانگدا، بەڵام گومانەکان هێشتا ماون

ئا: ئەژی چەتۆ حەسەن

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، 2019.7.20 ڕۆژێکی زۆر مێژووییو گرنگ بوو لە کاروانی دۆزینەوەی بۆشایەکەریدا، ئەویش یادی (نیو سەدەی داهێزینی یەکەم ئادەمیزاد بوو لەسەر مانگدا) کە لە کاتژمێر 11:17ی شەو بە کاتی هەولێرو لە ڕێگەی پرۆژەی (ئەپۆلۆ 11) ەدا ئەنجام درا.

لەو ڕۆژەدا کەشتیوانی ئاسمانیی کۆچکردوو (نیل ئارمستڕۆنگ) بووە یەکەم کەس کە لەسەرمانگدا دەنیشتێتەوە، بەمەش خەونێکی دێرینەی لە مێژینەمان هاتە دی و توانیمان شوێن پێیەکانمان لەسەر ڕووی تەنێکی دیکە جگە لە زەویدا بنەخشێنین، کە پێگومان دوای بیرکردنەوەو دیزاینکردن و دروستکردن و تاقیکردنەوەو شەونخوونی پێدانی قوربانی گیانی و مادی هاتە دەست، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دەبینین پانتایی فراوانی جەماوەریی نیوەخێزی و دەرەکی گومانیان هەیەو بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە سەیری ئەو دەستکەوتە زانستییە گەورەیە دەکەن و پێیان وایە لە سیناریۆیەکی ستۆدیۆیی زیاتر نییەو تەنانەت ئەو کەس و لایەنانەی تانە لەو دەستکەوتە دەدەن ئامادەنین بە وردی گوێبیستی لایەنە زانستی و تەکنیکییەکانی ئەو پرۆژەیە بگرن و لێی بکۆڵنەوە، یاخود بە شێوەیەکی چاولێکەرانە تەنها گوتەو بیروڕای گوماناداران دەڵێنەوە، بێ ئەوەی خۆیان بەدوا داچوونی بۆبکەن تا بەخۆیان بگەنە قەناعەتی کەسیی، جا چ بە باوەڕبوون بەو دەستکەوتە یان ڕەتکردنەوەی.

کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی بەرنامەی (ئەپۆلۆ) ی دۆزینەوەی مانگ

(بەرنامەی ئەپۆلۆ - Apollo Program) بەرنامەو پڕۆژەیەکی تایبەت بە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بوو لە ڕێگەی (ئاژانسی فرین و بۆشاییگەڕیی نیشتیمانی - National Aeronautics and Space Administration) ی ناسراو بە (ناسا) لە پێناو ڕەوانەکردن و نیشتنەوەی ڕاستەوخۆی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی مانگدا، ئەویش لە ڕێگەی (6) گەشت لەنێوان ساڵانی 1969 و 1972دا.

جگە لەهۆکارو ئامانجە زانستییەکان، هۆکارێکی دیکەش هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە، ئەویش بوونی کێبڕکێی (جەنگی سارد) لەنێوان (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) و (یەکێتی سۆڤییەتی) ئەوکاتە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی (سۆڤییەت) یەکەمکان توانیان بۆیەکەمجار لە مێژوودا، (یوری گاگارن) وەک یەکەم ئادەمیزاد لەساڵی 1961دا بەسەرکەوتوویی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکات و بەسەلامەتیش بیگەڕێنێتەوە سەر زەوی.

ئەم دەستکەوتەی (یەکێتی سۆڤییەتی) گوشارێکی زۆر گەورەی خستە سەر ئەمریکییەکان بە گشتی و ئیدارەی حکومەتەکەی بە تایبەتی کە لەوێ بەدواوە بەڕاستی بیر لە گەرمترکردن و پاشان بردنەوەی کێبڕکێی دۆزینەوەی بۆشاییگەڕیی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەنەوەو زاڵ بن بەسەر (یەکێتی سۆڤییەتی) ئەو سەردەمەدا.

(پرۆژەی ئەپۆلۆ)، تەواوکەری پرۆژەیەکی پێشووتری خۆی بوو کە تایبەت بوو بە دۆزینەوەکانی بۆشاییگەڕیی (نەوەک دابەزین لەسەر مانگ) کە ناسراو بوو بە (پرۆژەی مێرکوری) کە لە سەردەمی ئیدارەی (دوایت ئیزینهاوەر) دا ئەنجامدراو بەهۆیەوە، وێلایەتە یەکگرتووەکانیش توانی بەسەرکەوتوویی یەکەم کەشتیوانی ئاسمانیی خۆی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکات.

دوای تەواوبوونی (بەرنامەی مێرکوری) و سەرەڕای دڵنیانەبوونی بە دابینکردنی بوودجەی پێویست لەلایەن ئیدارەی ئەوکاتەی (ئایزنهاوەر) کە لە بنەڕەتەوە گرنگیی بە (گەشتە مرۆییەکان) نەددا، بەڵام بەڕێوەبەری ئەوکاتی (ناسا) (ئابی سیلڤەرستین)، بۆیەکەمجار (بەرنامەی ئەپۆلۆ) ی ڕاگەیاندو ناوی (ئەپۆلۆ) شی لە ناوی (Apollo) ی خواوەندی مۆسیقاو ڕووناکی گریکەکاندا وەرگرتبوو.

لە تشرینی دووەمی 1960، (جۆن کەنەدی) وەک سەرۆکی نوێ هەڵبژێردراو بەڵێنی دا کەوا وێلایەتە یەکگرتووەکان لەو کێبڕکێیە دوورو درێژەی دۆزینەوەی بۆشایی ئاسماندا بیاتەوەو زیاتریش لەوە، بەڵێنی ڕەوانەکردن و دابەزاندن و دووبارە گەڕاندنەوەی کەشتیوانانی ئەمریکیشیدا بۆسەر ڕووی مانگ.

دوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ (کۆنگریسی ئەمریکی) لە 1961.5.25 دا، سەرۆک (کەنەدی) پالپشتیی تەواوی خۆی بۆ (بەرنامەی ئەپۆلۆ) ڕاگەیاندو گوتەیەکی میژوویەی پێشکەشکرد کە تیایدا گوتی:

" سەرەتا، باوەڕم وایە کەوا پێویستە گەلەکەمان پێش کۆتاییهاتنی ئەم دەیەیە ئەمانجەکەی خۆی پێکابێت، واتە، ڕەوانەکردنی یەکەم ئادەمیزاد بۆسەر ڕووی مانگ".

کورتەیەکی تەکنیکی (کەشتی ئەپۆلۆ) بەشێوەیەکی سەرەکی، کەشتی (ئەپۆلۆ) لە دوو بەشی سەرەکیی پێکەوە لکاو پێکهاتبوو:

1- کەشتی سەرکردایەتی و بەشی خزمەتگوزاریی (Command Module and Service Module) :

ئەو بەشە سەرەکییەیە کەوا جێگای سێ کەشتیوانی تیادا دەبۆوەو زۆربەی کاتەکانیان لەنێویدا بەسەریان دەبردو هەموو پێداویستییەکانی پاراستن و بەردەوامبوونی ژیانی تیادا دابین کرابوو لە عەمبارەکانی ئاوو هەواو خۆراک و سووتەمەنی و چەندین ئامێرو کەرەستەی زانستیی.

لەبەشی پێشەوەی کەشتی سەرکردایەتیدا، کەپسوولەیەکی قووچەکی هەبوو کە بریتی بوو لە ژۆرێکی بچووک وەک دوا قۆناغی گەڕاندنەوەی هەرسێ کەشتیوانەکان بوو کە دوای خزانی بۆنێو بەرگە هەواداا، بەسیستەمێکی پاڕاشوتی دەکەوتە نێو ئاوو لە ڕێگەی کەشتییەکانی هێزی دەریاوانی ئەمریکی وەردەگیرانەوە.

کۆمپانیای (North American Aviation) کۆنتراکتی دروستکردنی بردەوە بۆ دروستکردنی ئەو دوو یەکەیە.

2- کەشتی مانگ (Lunar Module):

ئەم کەشتییە بەشێوەیەکی تایبەت دروستکرابوو تا سەرەتا لە کەشتی سەرکردایەتی و خزمەتگوزاریدا جیابێتەوە پاشان بۆ نیشتنەوە لەسەر ڕووی مانگ بەڕێ بکەوێت و پاشان بفڕێتەوە لەسەر ڕووی مانگ و دووبارە پرۆسەی پێکەوەلکانی لەگەڵ یەکەی سەرکردایەتی و خزمەتگوزاریدا ئەنجام بداتەوە.

کەشتی مانگ جێگەی تەنها دوو کەشتیوانی تیادا دەبۆوە، واتە ئەو دوو کەسەی دەستنیشان دەکران بۆ نیشتنەوە لەسەر ڕووی مانگداو لەوێوەش بەرگی ئاسمانیی تایبەت بەخۆیانەوە دەپۆشی پێش ئەوەی بچنە دەرەوەو دابەزنە سەر ڕووی مانگەوە.

مووشەکی سەرەکیی (ساتۆرن 5یان Sat-urn V)

بێگومان بۆ گەیاندنی کەشتییەکەو کەشتیوانان و ئامێرەکانیان، پێویست بوو مووشەکێکی زەبەلاح ئامادەبکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئەم بارە قورسەو ڕزگارکردنیان لە هێزی کێشکردنی زەوی.

بۆ ئەم مەبەستە، ئاژانسی (ناسا) هەڵسا بە دیزاینکردن و دروستکردنی گەورەترین مووشەکی تایبەت بە دۆزینەوەکانی بۆشاییگەڕیی کە تاوەکو ئێستا دروستکرابێت و ناوی نا (ساتۆرن 5) کە لە سێ قۆناغی سەرەکی و یەکەیەکی ئامێرەکانی کۆنترۆڵ و ناڕاستەکاریی پێکهاتبوو.

ناودارترین گومانەدارەکان کێن و چییان پێشکەشکردووە؟

ئەم تاقمە کەسانەو چەندانی دیکەش، بێ هیچ بنەمایەک و زۆر بەتوندی ڕەخنە لە وێنە فۆتۆگرافی و گرتە ڤیدیۆییەو وەرگیراوەکانی سەر ڕووی مانگدا دەگرن و بێ وەستان و پشوو لە ڕێگەی بانگەشەکانیاندا ئاماژەی پێدەدەن و ڕای گشتی پێ چەواشە دەکەن، ئەوەی سەیریش بوو کەوا کەنالی FOX هەڵسا بەبڵاوکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بیروڕاو ڕەخنە چەوتانەی بێ ئەوەی لە بەرامبەردا ڕای پسپۆڕان و شارەزایانی ڕاستەقینەی ئەو بوارانە وەربگرێت!

گرنگترین سێ گومان و شیکردنەوە و وڵامدانەوە زانستییەکانیان

دەبوایە کەشتیوانان ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەی دەرەوشاوە لەسەر سەریان و لەنێو ئاسمانی یەگجار زۆر تاریکی مانگیان دیتبوایە، بەڵام هیچ کامێک لە کەشتیوانان و کارمەندانی (ناسا) ئاماژەیان پێنەکردووە!

وڵامدانەوەی زانستیی:

ئاشکرایە کەوا مانگ بەرگە هەواو وەکو زەوی نییە تا کرداری پەرچدانەوەی ڕووناکی و شکانەوەی تیدا ڕووبدات، بۆیە ئاسمانی سەر سەری کەشتیوانانی ڕووی مانگ تاریک بووە، جگە لەوەش کەشتیوانان و دەزگاکانیان دووچاری گرفتی دیاردەی (شکاندنەوەی یەگجار بەهێزی تیشکی بەرکەوتووی خۆر لەسەر خاکی مانگدا) ببوونەوە، بۆیە لەدەرەنجامی ئەم ڕووناکیدانەوەیە ناسروشتییەی ڕووەکەیدا، چاویان نەیدەتوانی وەک پێویست، ڕووناکی ئەستێرەکان - بە تایبەتی کزو لاوازەکان - ببینێت، ئەمە جگە لەو فلتەرە شوشەییە تاریکەی کە لەنێو کڵاوەکەیاندا هەبووە بۆ پاراستنی خودی چاوەکانیان بوو لە تیشکە زیانبەخشە بینراوو نەبینراوەکانی خۆرو ئەستێرەکان لەسەر ڕووی مانگدا.

دەرنەکەوتنی ئەستێرەکان بەهۆی زاڵبوونی تیشکی زۆر بەهێزی خۆرو پەرچدانەوەی ڕووی مانگ بۆ ئەو ڕووناکییە دەقاودەق وەک ئەوە وایە کەوا تۆ لە ماڵەوە دەتەوێ سەیری ئاسمان و ئەستێرەکان بکەیت و لە کاتێکدا ڕووناکی (پڕۆجیکتەرێکی بەهێز) ڕاستەوخۆ لەنێو چاوت بدات، ئاخۆ ئەوکاتە ئەستێرەکان بە ئاسانی دەبینیت؟ بێگومان، نەخێر.

لەسەر مانگدا هەوا نییە، ئاخۆ ئالای وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆن دەجوڵایەوە؟

وڵامدانەوەی زانستیی:

ڕەنگە ئەمەیان (ناودارترین و بەربڵاوترین) پڕوپاگندەی گوماندارانی بێت! هەر لە ڕێگەی ئەوەشەوە ژمارەیەکی یەگجار زۆری خەڵکیان، بەداخەوە، پێ چەواشەکردووە، بەڵام سەیر لەوەیە، ئاخۆ چۆن گوماندارانی ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشباوەڕن بپرسن دەدەن لەسەر جوڵەی ئالایەک نەوەک لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، بەڵکو لەنێو وێنەیەکی فۆتۆگرافی نەجوڵاو، واتە (Still) دا!

بەهەرحاڵ، بەڵای پسپۆڕان و فەلەکناسانەوە ئەم گومانەی گوماندارانیش هەر مایەی سەرسوڕمانییە! چونکە ناکرێ لە ڕێگەی سەیرکردنی فۆتۆیەک ڕ نەوەک ڤیدیۆیەکدا - بۆ ئالایەکی گەپراودا بەخەڵکی ڕابگەیەنێت: کەوا (ئەو فۆتۆیەی دیارە ئالایەکەو بەهۆی تەوژمی با وە جوڵاوەتەوە!)، پاشان ئەوەی زۆر سەیرە گوتەکانیانە دەربارەی: (چۆن ئالایەکە بە شەکاوەیی دەبینرێت لە کاتێکدا هەوا لەسەر مانگدا نییە؟!)

دیسان ئەمەش بۆتە خاڵێکی دیکەی بەهێز کە دژی گوماندارانی شکایەوە، چونکە ، لە سەرووی ستوونی ئالایەکەدا، پارچەیەکی ئاسنێکی دیکە بە شێوەیەکی ئاسۆیی پێی لکێندراوە، واتە وەک پیتی (L) کە بە شێوەیەکی هەڵگەڕاوەیی، کە بەم شێوەیەوە ئالایەکە لە خاکی مانگدا چەقێنراوە و پاشان کراوێوە، خۆ ئەگەر وایان نەکردبایە، واتە ستوونە ئاسۆییەکە لەسەر ستوونە شاقوولییەکەدا دانەنراببوایە، ئەوا یان ئەوەتا ئالایەکە شۆڕ دەبۆوە هەرگیزاو هەرگیز نەدەکرایەوە یان دەبوایە بۆ گرتنی هەر وێنەیەک کەشتیوانان بەدەستی خۆیان بەرزیان بکردابایەوە، چونکە لەبەر نەبوونی باو تەوژمی با، هەرگیز ئەو ئالایە نەدەشەکایەوە.

ئەمە خاڵێک، خاڵێکی دیکەش هەیە، کە بەڕاستی بۆتە بەڵگەیەکی گەشی وەک خۆر لەسەر دووریی و ناتێگەیشتن و کەمزانیی گوماندارانە لە سادەترین ڕاستییە فیزیاییەکان و دیاردەو هەڵسوکەوتی مادە لە بارودۆخە جیاجیاکانی سروشت کە وەک مۆرکێکی دیار بەنیوچەوانییاندا دەرکەوت، ئەویش، جوڵەی مادەیە لە باردۆخی بێ هەوایی، یان (Vacum) دا.

بێ گومان لەسەر زەویدا چڕی هەوا لە بەرزترین ئاستییەتی و هەواش وەکو زانراوە لە گازەکانی هایدرۆجین و ئۆکسجین و دوانۆکسیدی کاربۆن و چەندین توخمی دیکە پێکهاتووەو هەر یەکێکیان خاوەن چڕی و بارستەیەکی دیارن و ئەو بارستەییەش بەئاشکرا هەستی پێدەکەیت کاتێک بۆ نموونە، بەخێراییەکی زۆر دەڕۆیت و ئەوکاتە لێکخشانێک لەنێوان لاشەی تۆ، یان بۆ نموونە ئۆتۆمبێلەکەت، لەگەڵ گەردیلەکانی هەوادا ڕووەدات و بە دەبێتە جۆرە بەرهەڵستکارێک و وادەکات خێراییەکەت تا ڕادەیەکی هەستپێکراو کەمتر بکاتەوە.

تاقیکردنەوەیەکی دیکە ئەنجام بدە، نەوەک لە حاڵەتی جوڵەدا، بەڵکو ئەمجارەیان لە حاڵەتی وەستاندا، بەڵام بە مەرجێک جوڵەی یا نەبێت یان بەگجار زۆر خاوبێت، ئەوکاتە پارچە قوماشێک لەسەر شکڵی ئالایەکدا بهێنەو لەسەر ستوونێکی وەک پیتی L ی بە هەڵگەڕاوەیی ببەستە، بێ گومان لەم حاڵەتەدا ئالایەکە بەکراوەیی دەبێت، پاشان لەزەویدا بیچەقێنەو دەستبەجێ تێبینی جوڵەی ئالایەکە بکە، دەبینی دوای ماوەیەکی کەم لە جوڵانیدا دەوەستێت.

چەندین جار پسپۆڕان هەمان تاقی کردنەوەی شەکاندنەوەی ئالایان کردووە، بەڵام ئەمجارەیان لە تاقیگەیەکی بەتاڵکراو لە هەوادا (Vacum Lab)، کە لە کاتی بەتاڵکردنی تاقیگەکە لە هەواو پاشان جوڵاندنی ئالایەکە لە نێویدا بە شێوەیەکی میکانیکی بە سانایی و ئاشکرایی دەرکەوت، ئالایەکە نەوەک هەر دەجوڵێتەوە، بەڵکو زۆر خێراترو سەیرترو بۆماوەیەکی زۆر درێژتر دەجوڵایەوەو دوای بەسەر چوونی ماوەیەکی زۆر ئینجا لە جوولەکردندا وەستا!

بەڵام لەکاتی پڕکردنەوەی لە هەواو جوولەپێکردنی ئالایەکە زووتر لە جوولەدا وەستا.

هەمان حاڵەتیش لەسەر مانگدا ڕوویدا داوە کاتێک کەشتیوانان ئالایەکانیان دەچەقاند بێ گومان دەجوڵایەوە، بەڵام دوای چەقاندنیشی بۆماوەیەکی بەرچاو هەر دەجوڵایەوە!

کەواتە بەکورتی:

* لە شوێنێکی پڕ هەوای ئاسایی: ئالا دەجوڵێتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم بەهۆی لێکخشانی لەگەڵ تەنۆچکەکانی هەواداا زوو خێراییەکەی خاو دەبێتەوەو دەوەستێت.

* لە شوێنێکی بەتاڵکراو لە هەوادا: ئالایەکە زۆر خێراترو بۆماوەیەکی زیاتر دەجوڵێتەوە بەهۆی نەبوونی تەنۆچکەکانی هەوا، چونکە ئەوکاتە لێکخشاندن ڕوونادات، بۆیە ئالایەکە بۆماوەیەکی درێژتر دەجوڵێتەوە.

بۆیە، ئەوەی (مایەی پێکەنینە!) ئەو ڕاستییەیە کە دەڵێ: (لەبەر ئەوەی هەوا لەسەر مانگدا نییە، بۆیە ئالایەکە زۆرترو بۆماوەیەکی درێژتر لە ئاستی ئاسایی دەجوڵایەوە!)، هەبۆیە ئەم دەرەنجامە چاوەڕوان نەکراوەو ڕاستییە تاڵ و ڕەقە، بە یەگجاری بووە مایەی تووڕەبوون و شەرمەزاربوونی گوماندارانی!

ئەگەر (ناسا) ڕاستەدکات گوایە توانیویەتی مرۆڤ بە سەرکەوتوویی ڕەوانەی سەر مانگ بکات، ئەدی بۆچی دووبارە ناچێتەوەو بۆچی (سۆڤییەتییەکانی دوێنێ) و (ڕووسییەکانی ئەمڕۆ) ئەم کارە ئەنجام نادەن و ناگەڕێنەوە سەر مانگ؟

وڵامدانەوەی زانستیی:

ئەگەرچی لەپێش چاواندا، ناردنی 6تاقم لە کەشتیوانان بۆسەر مانگ لە ماوەی نێوان ساڵانی 1969و 1972دا بە کارێکی ئاسایی خۆی نیشانداوە، بەڵام ڕاستییە زانستی و هونەری و تەکنیکییەکە هەرگیز وا نەبووە! چونکە گەشتی چوونە سەر مانگ یەگجار زۆر مەترسیدارو ئالۆز بووەو تێچوونەکەشی یەگجار زۆر بووە، کەچی ئەوەی وایکرد ئەم ئامانجە بێتەدی، هەنگاو و ئامادەکارییە پێشوەختییە وردو دوورو درێژەکان بووە لە هەموو بوارە ستراتیژی و پێویستەکانی وەک ڕاهێنانی چڕو پڕی کەشتیوانان و ئامادەکردنیان لە ڕووی پزیشکیی و سایکیۆلۆژی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، گرنگیدانی بێ وێنە بە سیستەمەکانی کۆنترۆڵکاریی و پەیوەندی و فڕین و نیشتنەوەو پالپشتیکردن و پاراستنی ژیانی کەشتیوانان لەمیانەی چوون و نیشتنەوەو گەڕانەوەیاندا.

ڕاستییەکەو نکۆڵیی لێناکرێت کەوا ئەنجامدانی گەشتی ئەمڕۆ بۆسەر مانگ هەر هەمان ئالۆزی و مەترسیداریی تیادایەو ئەوەی سەیریشە کەوا تێچوونی ناردنی مرۆڤ بۆسەر مانگ لەم سەردەمەی ئەمڕۆکەدا گەلێ زیاترە لە چەند دە ساڵێک پێش ئێستا! لەهەمان کاتدا تا ئێستا هیچ هۆکارو پالنەڕێکی زانستیی گەورەش نییە تا مرۆڤ و دەزگا زانستییەکانی هانبدات لە پێناو گەڕانەوەو نیشتنەوەیان لەسەر ڕووی مانگدا، بەڵایەنی کەم لە داهاتوویەکی نزیکدا، بەڵام سەرەڕای نەوەش ئاژانسەکانی بۆشاییگەڕیی جیهانیی تا ئێستاش هەر بەردەوامن لە ناردنی مانگە دەستکردو کەشتییە ئاسمانییەکان بۆ خولگەکانی دەرەوەی مانگ بۆسەر ڕووەکەشی، وە لەم بارەیەوە ئاژانسی بۆشاییگەڕیی ئەوروپی و ژاپۆنی و هیندی پڕۆژەی سەرکەوتووی گەورەیان بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ڕووی مانگ و جیۆلۆجیاکەیەوە ئەنجام داوە.

هەوڵێر بووە پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی کوردستان



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەڤێرچاوەیری لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی لەسەر ئاستی کچان لەشاری سلێمانی بەرێوەچوو.

ڕۆژی 18/7/2019لەهۆڵی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی بەبەشداری 7یانەی کوردستان، پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی کچان بۆ یانەکانی کوردستان لەلایەن یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان سەرکەوتووانە ئەنجام درا.

لەپاڵەوانیەتیەکەدا هەر یەک لەیانەکانی هەولێر بەکۆکردنەوەی 766خاڵ پلەی یەکەم و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەکۆکردنەوەی 590خاڵ پلەی دووەم و یانەی هەندرێن بەکۆکردنەوەی 454 خاڵ پلەی سێیەمیان دەستەبەرکرد، هەر یەک لەیانەکانی ئافرەتانی هەولێر بەکۆکردنەوەی 128خاڵ پلەی چوارەم و یانەی پیشەسازی بەکۆکردنەوەی 116خاڵ پلەی پێنجەم و یانەی کەیوان بەکۆکردنەوەی 62خاڵ پلەی شەشەم و یانەی سۆلاف بەکۆکردنەوەی 60خاڵ پلەی حەوتەمی دەستەبەرکرد.

جێی ئاماژەبۆکردنە هەر یەک لەیانەکانی هەولێر، هەندرێن، ئافرەتانی هەولێر، پێشمەرگەی سلێمانی، پیشەسازی، کەیوان، سۆلاف بەشداریان لە پاڵەوانیەتیەکە کردبوو کە وابڕیار بوو ڕۆژی دەستپێکی پاڵەوانیەتیەکە زیاتر لە11 یانە بەشداری تێدا بکەن، بەڵام بەهۆکارێکی نادیار چەند یانەیەک بەشداریان لەپاڵەوانیەتیەکە نەکرد.


نایمار

جگە لەبەرشلۆنە ناچێتە هیچ یانەیەکی دیکەوە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کردووە کە نایمار داسیلڤا ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی ڕەتی کردۆتەوە بچێتە هیچ یانەیەکی تر جگە لە یانەی بەرشلۆنە نەبێت.

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی، یانەی سان جێرمان لای خۆشیەوە ڕەتی کردۆتەوە کە ڕێگا بە نایمار بدات بچێتە یانەی بەرشلۆنەوە ئەویش بەهۆی بوونی گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو یانە، ئەو ڕۆژنامەیە ئاشکراشی کردووە کە سان جێرمان پێی باشتربووە جگە لە بەرشلۆنە، هەریەک لەیانەکانی ریال مەدرید و مانچستەر یونایتد داوای نایماریان بکردبا نەوەک بەرشلۆنە.





ئافرەتێکی مالیزی بەشێوازی خۆی سەرقاڵی تۆپی پێ-یە

شاد عالەم– AA: کچەلاوێکی مالیزی تەمەن ١٩ ساڵ لە ڕێی جموجۆڵە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە کە بە تۆپی پێ دەیکات، بۆتە جێی باسی زۆرێک لە خەڵک و میدیاکان.

خەیرونیسا ئیندانگ واهیودی ناوی ئەو کچە بااڵپۆشەیە کە هەوڵ دەدات لە ڕێی تۆڕی کۆمەاڵیەتی ئینستیگرامەوە تواناکانی خۆی نمایش بکات ئەویش بە بااڵوکردنەوەی گرتەیی ڤیدیۆیی خۆی لە کاتی یاریکردن بە تۆپ و چەندین جۆڵەی سەرنجڕاکێش پێی. ناوبراو زیاتر لە ١٠٠ هەزار شوێنکەوتووی هەیە لە تۆڕی کۆمەاڵیەتی ئینستیگرام و هەفتانە چوار ڕۆژ سەرقاڵی مەشقە تاکو بتوانێت ئەو توانایەی خۆی بپاریزێت کە یاریکردنە بەتۆپ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کە بە جامبازی تۆپ ناسراوە.

خەیرونیسا کە لە بەشی عەرەبی زانکۆی ئەل مەدینە لە مالیزیا دەخوێنێت،خولیای یاریکردنی بەتۆپ هەیە و جگە لە وانەکانی ڕۆژانە مەشق دەکات لە تۆپی پێدا. خەیرونیسا لە لیدوانێکدا بۆ پەیامنێری ئانادۆلۆ ڕایدەگەیەنێت کە تا تەمەنی ١٦ ساڵی هیچ حەزێکی بۆ تۆپی پێ نەبووە و لە پڕێکدا ئەو حەزەی بۆ دروست بووە و دەڵێت، «سێ ساڵ لەمەوبەر دەستمکرد بەو کارە. کاتێک برا بچووکەم دەبرد بۆ یاریکردن لەوێوە حەزم بۆ دروست بوو بۆ ئەم یاریە. لەبەرئەوەی ئافرەتم نەمدەتوانی لەگەڵ کۆڕاندا یاری بکەم. خێزانەکەم لەو بڕوایەدابوون کە تۆپی پێ بۆ ئافرەتان سەختە. منیش حەزم کرد کە وەرزشێکی تایبەت بە خۆم لە ڕێگەیەکی تایبەتەوە دەربخەم و تاقی بکەمەوە، بۆیە بەدواداچوونم کرد بۆ ستایلێکی ئازادانەی تۆپی پێ».

ڤینیسیۆس: بیرم لەوە نەکردووەتەوە شوێنی ڕۆناڵدۆ پڕ بکەمەوە



خەبات: ئارام شێرکۆ

هەڵبژاردەی کاراتێی کەرکووک میواندارای هەڵبژاردەی کاراتێی عێراقی کرد ،یاریەکی دۆستانەیان بە بەشداری زیاتر لە 20 یاریزان لە هۆڵی ئەکادیمیایی یانەی وەرزشی خاک ئەنجامدا، یاریەکان بەڕێوە چوون وەک خۆئامادە کردن بۆ بەشداری کردنی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی عەرەبی.

لە هۆڵی ئەکادیمیای یانەی خاک ، یاریەکی دۆستانە لە نێوان هەڵبژاردەی کاراتیی عێراق و کاراتیی هە لبژاردەی کەسانی دەرەوە نەگرم، بەڵکو گوێ لە ماڵباتەکەم و دەستەی هونەری و ئەو یاریزانانە بگرم، کە یاریبان لەگەڵدا دەکەم". لە بارەی ئاستی تیپەکانیش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا وتی:"یاریەکان زۆر لە یەکدی جیان، دەبێت ئەوە لە میشکی خۆت دابنێیت، ئەگەر تۆپ لەدەست بدەیت، تیپی بەرامبەرت گۆڵت لێ تۆمار دەکات". لە بارەی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی پێشووی ریالیش وتی:"ئەو ئەفسانەی ریال مەدریدە، شتێکی کردووە، پێشتر بەکەس نەکراوە. بەاڵم من بیرم لەوە نەکردووەتەوە، شوێنی ئەو بگرمەوە، من تەنیا دەمەوێت یاری بکەم و یارمەتی هاوتیپەکانم بدەم".

ڕەمزی میرەکانی

شتەکان باشتر بوون،شتێکی نایابە وەکو یاریزانێکی سەرەکی لە باشترین یانەی جیهان دەست بە یاریکردن بکەیت". لە بارەی ئاستی تیپەکانیش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا وتی:"یاریەکان زۆر لە یەکدی جیان، دەبێت ئەوە لە میشکی خۆت دابنێیت، ئەگەر تۆپ لەدەست بدەیت، تیپی بەرامبەرت گۆڵت لێ تۆمار دەکات". لە بارەی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی پێشووی ریالیش وتی:"ئەو ئەفسانەی ریال مەدریدە، شتێکی کردووە، پێشتر بەکەس نەکراوە. بەاڵم من بیرم لەوە نەکردووەتەوە، شوێنی ئەو بگرمەوە، من تەنیا دەمەوێت یاری بکەم و یارمەتی هاوتیپەکانم بدەم".

ڕەمزی میرەکانی

لە یاریەکی دۆستانەدا

هەردوو هەڵبژاردەی کاراتێی عێراق و کەرکووک ڕووبەڕووی یەک بوونەوە



خەبات: ئارام شێرکۆ

هەڵبژاردەی کاراتیی کەرکووک میواندارای هەڵبژاردەی کاراتێی عێراقی کرد ،یاریەکی دۆستانەیان بە بەشداری زیاتر لە 20 یاریزان لە هۆڵی ئەکادیمیایی یانەی وەرزشی خاک ئەنجامدا، یاریەکان بەڕێوە چوون وەک خۆئامادە کردن بۆ بەشداری کردنی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی عەرەبی.

لە هۆڵی ئەکادیمیای یانەی خاک ، یاریەکی دۆستانە لە نێوان هەڵبژاردەی کاراتیی عێراق و کاراتیی هە لبژاردەی کەرکووک بۆ ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوان بەڕێوە چوو، لەکۆتاییدا یاریەکە بە بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق کۆتایی هات.

سەبارەت بەمە سامر عەبدوڵڕەئووف ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراقی بە ڕەگەز میسری لە لێدوانێکی بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: یاریەکان لەچوارچێوەی ئەو کەمپەیە کە لە شاری سلێمانی ئەنجامان داوە کە 20 ڕۆژە دەستمان پێکردووە، وەکو خۆئامادە کردنێک بۆ پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب کە لە تونس و لە سەرەتای مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت.

سامر زیاتر گوتی: ئامانج لەو یاریەیەی نێوان یاریزانانی هەر دوولا دەستنیشان کردنی خاڵی لاواز و بەهێزی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق بوو کە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو.

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کاراتیی عێراق هۆکاری دیاری کردنی کاراتی هەڵبژاردەی کەرکووکی خستە ڕوو گووتی " پێشتر ئاستی یاریزانانی کاراتیی هەلبژاردەی کەرکووک بینیبوو ئاستێکی بەرزیان هەبوو ، بۆیە پێم باشبوو ئەم دیدارە ساز بکرێت، هەروەها لە پلانماندا هەیە سەردانی شاری هەولێر بکەین ئەگەر بۆمان بڕەخسێت پێش سەفەر کردمان جاریکی تر سەردانی کەرکووک دەکەینەوە.

گواردیۆلا

هێرش دەکاتە سەر بایرن میونشن



پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی مان سیتی بڕیاریدا پەیامێکی توند و ئاگرین ئاراستەی یانەی بایرن میونشن بکات، ئەویش بەهۆی ئەو پێداگرییەیان لەوەی بەنیازن لیرۆی سانی هێرشبەر ببەنە ڕیزەکانیانەوە.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی لێدوانێکی گواردیۆلای بەمشێوەیە باڵاوکردۆتەوە کە تیایدا هاتووە، ئەوە باش دەزانم کە یانەی بایرن میونشن زۆر حەز دەکات لە ڕاگەیاندن قسە لە سەر سانی بکات، بەاڵم هیچ کات ڕێگام بەخۆم نەداوە باس لە یاریزانانی یانەکانی تردە بکەم، هەروەها گوتی: ئەوەی بایرن میونشن دەیکات، کارێکی باش نییە، دەیەوێ بەم لێدوانانەیان یاریزانەکانی ئێمە نیگەران بکەن و بیانخەنە دڵەڕاوکێوە بێ ئەوەی یاریزانەکانی ئێمە باس لە ڕۆیشتنیان کردبێ.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 22. Jul. 2019 No: (5794)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەبنووسێت

هەیە...بەپێوە دەمرێت
هەیە بە دانیشتنەوە
هەیە.. لەخەودا دەمرێت
هەیە لە بەئاگاییدا
هەیە... بەرۆژ دەمرێت
هەیە بە شەو
هەیە.. بەسەربڵندی دەمرێت
هەیە بەسەرشۆڕی
هەیە... لەتیران دەمرێت
هەیە لە برسان
هەیە..لەکونجی مااڵوە دەمرێت
هەیە لەهەندەران
هەیە... لەخۆشەویستیان دەمرێت
هەیە لەرقان
هەیە.. لە بێ ئیشیدا دەمرێت
هەیە لەپڕ کاری
هەیە.. لە خۆشەویستی ژنەکەی دەمرێت
هەیە لەرقی ژنەکەی
هەیە... لەژیری دا دەمرێت
هەیە لە گەمژەیی
هەیە... لەپێناوی نیشتمان دەمرێت
هەیە بە جاشیی
هەیە.. بەراستی دەمرێت
هەیە بەفشە
ئیتر ئەمە مردنە
بەاڵم کێشەکە لێرەدایە
تۆ عومرت درێژ بێت و .....
هەموو رۆژێکیشت هەر مردن بێت.

خێزانەکەی هۆکار بوون کە دەست بەکاری هونەری بکات

هونەرمەند تەها قادر: هونەر وەک حەز ئەبینم نەک پیشە



خەبات: سولێن سلێمان

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خەبات هونەرمەند(تەها قادر)، دەڵێت: لە ساڵی 1995لە قەزای سۆران لە دایکبووم، ئێستاش بە هۆی سەرقاڵیم بە خوێندن و هونەر لە هەولێر دەژیم ، لە پرسیارێکدا کە کەی دەستی بە کاری هونەری کردووە؟

لە وڵامدا دەڵێت: یەکەم بەرهەمم لە ساڵی 2014 بەاڵوکردۆتەوە بە ناوی (دەنگی دڵ)کە تێکستەکەی هی"ئەحمەد محمەد"ە ،ئاوازیشی لە لایەن هونەرمەند "ئەفشین شوکری یەوە بۆ دانراوە، هەروەها "تەها قادر" راشیگەیاند کە وا خاوەنی " 7"گۆرانییە تەنها کاری کلیپی بۆ " 5"لە گۆرانییە کانی کردووە ،لە ساڵی 2017کلیپێکی دیکەم بەناوی (چۆن دڵت دێ) بەاڵوکردۆتەوە ،و لە ساڵی 2018کلیپێکی دیکەم بەناوی(شێتەگیان) بەاڵوکردەوە.ئەوهونەرمەندە لاوە زیاتر دەڵێت: ئەوگۆرانییەم بەپلەی یەکەم دادەنێم چونکە زۆر خزمەتی منی کرد منی بەخەڵک ناساند، و هەروەها ئەم ساڵیش دوو گۆرانی نیم بەاڵوکردووە بە ناونیشانەکانی (جوانی دونیا) و گۆرانی (بەس تۆم دەوێ) ،

لە پرسیارێکدا کە بڕچی "تەها قادر" دەڵێت هونەر وەک حەز دەبینم نەوەک پیشە؟ لە وڵامدا دەڵێت: ئێستا لە وڵاتی ئێمە لە هەموو شوێنێک لایف میوزیک دەکرێت ،بەاڵم زیاتر بۆ هونەرمەند نا بەڵکو بۆ گۆرانی بێژ، چوونکە دەنگ خۆش جیایە لەگەڵ هونەرمەند ، و هەروەها دەبێت هونەرمەند وەک پاکێجێکی کامل بێت، بیر لە شتی گەورەتر بکاتەوە وەک (کۆنسێرت) من خواست و ئارەزووی گەورەترم هەیە ئەویش کۆنسێرتە، هەروەها لە بارەی خوێندنەکەی دەڵێت:سوپاس بۆ خوا ئەم ساڵ توانیم بەشی ئەندازیاری تەاڵرسازی تەواو بکەم . پشتیوان بەخوا کار و پلانی نوێم دەبێ هەم لە کارە هونەرییەکانم هەمیش لە ئەندازیاری تەاڵرسازی چونکە ئەو بەشەی لێم خوێندوە حەزێکی تایبەتی من بووە نامەوێ پشتگوێ بخەم، هەروەها دەڵێت: خێزانەکەم هۆکار بوون کە من دەست بە کاری هونەری بکەم ،چوونکە بنەماڵەکەمان هەمویان دەنگییان خۆشە لە بنەماڵەیەکی هونەرین، لە

پرسیارێکدا کە کێ پشتگیری "تەها قادر دەکات؟ دەڵێت: بە گشتی خێزانەکەم زۆر پشتگیری من دەکەن، بەاڵم زیاتر خۆم سەپۆرتی خۆم دەکەم، پشتگیری خۆم دەکەم، ڕاشی گەیاند کە سەر سامی چەند هونەرمەندێکە وەک، عەدنان کەریم، میکائیل، بەهجەت یەحیا، کازم ساهیر، **لە بارەی ئەوە ی ئایا هیچ دوێتێک ئەنجام دەدات دەڵێت:** دوێتێکمان لە پرۆژەدایە لە گەڵ هونەرمەند (نامۆ)چوونکە من هونەرمەند نامۆ دەنگمان زۆر نزیکە لە یەکتر، تەنها کاری کلیپی ماوە بۆ بکرێت، لە کۆتایی دا هونەرمەند (تەها قادر) ئاماژەی بەوە دا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەلبوومەێکم دەبێت، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی کلیپم لە ژێر دەستە بەم زووانە بااڵو دەبێتەوە ،هەروەها گوتیشی: هونەرمەند بوون شتێکی گرنگی پێ بەخشیوم کە ئەویش خۆشەویستی هەواداەکانمە بۆ من کە وەکو بەرپرسیارێتییەکە ، کە وا هەموو کات کاری جوانتر و جیاوازتر پێشکەشی جەماوەرەکەم بکەم ، هەموو کات هەوڵی ئەوە دەدەم کەوا کارەکانم بە دڵی خەڵک و بینەرەکانم بێت.

قوتابییەکی لێهاتوو

لە زانکۆی کامبریج، خاتوو ئیزابیل دوای تێپەڕینی تەنها ڕۆژێک بەسەر کاتی منداڵبوونەکەیدا بەشداری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی کردو ،نمرەیەکی زۆر باش بەدەستهێنا. خاتوو ئیزابێل کۆهین تەنها (28) کاتژمێر تێپەڕی کردبوو بەسەر کاتی منداڵبوونەکەیداو لەکاتێکدا کە هێشتا لەنەخۆشخانەدابوو ناچار بەجێهێشتنی کچە تازە بووەکەی بوو هەربەجلووبەرگی نەخۆشخانەکەوەو لەناو ئەو نەخۆشخانەیەدا لاپەڕەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی پڕکردەوە. ئەو لەگەڵ ماندووبوونێکی زۆری هەفتەکانی کۆتایی ماوەی دوو گیانیو لەکۆتایشدا منداڵبوون، بەاڵم خاتوو کۆهین توانی نمرەیەکی زۆرباش بەدەست بهێنێت، وەک خۆشی دانی بەوەدانا کە تاقیکردنەوە لەنەخۆشخانەدا تارادەیەکی زۆر سەیرو پێکەنیناوی بووە. گوتیشی خۆشم نازانم چۆن تاقیکردنەوەکانم ئەنجامدا، بەاڵم توانیم ئەو وانانەی پێشتر فێری ببووم بهێنمەوە بیری خۆم و بیاننوسمەوە، ئێستاش هەرکاتێک بیری لێدەکەمەوە تێدەگەم کە من چی کارێکی سەیرو پێکەنیناویم ئەنجامداوە.



ناهێڵێت شەزا حەسون بەشداری لە بەرنامەکەم بکات!

گۆرانبێژو هونەرمەندی ناوداری یەمەنی (ئەروا) کە ئێستا یەکێکە لە پێشکەشکارە بەناوبانگەکان، دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی ئاشکرای کردووە کە لە منداڵی زۆر ئائومێد بووەو بە زیرەکی خۆشی ئەندازیاری بیناسازی تەواو کردووە، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هەرگیز ئامادە نیە گۆرانبێژی عێراقی (شەزا حەسون) لەبەرنامەکەی بانگهێشت بکات، چونکە وەک ئەروا دەڵێ: (شەزا حەسون) کاتێک لە بەرنامەی (لەو) کە لە کەناڵی (ئێم بی سی) پێشکەش دەکرا بانگهێشت کرابوو، لەدوای بەرنامەکە زۆر سوکایەتی پێکردووە گوایە بە ئەنقەست پرسیاری بریندارکەری لێکردووە، کە دواتر کێشەی نێوانیان لەلایەن دادگاوە یەکلایی کرایەوە.

لە ئێران بە ئاڵای کوردستانەوە سێ مەدالیایی زێڕی بەدەستهێنا



هەمزە سەرحان: دڵخۆش عەبدوڵڵا ڕانیەی بە ئاڵای کوردستانەوە سێ مەدالیای زێڕ لە ئێران بەدەست دەهێنێت.

پاڵەوان و ڕاهێنەر خاتوو دڵخۆش عەبدوڵڵا، کە خەڵکی شاری (ڕانیە)یە، بەشداریی لە پاڵەوانییەتی هێزی لەش لەوڵاتی ئێران کرد.دڵخۆش عەبدوڵڵا دوای ڕکابەرییەکی بەهێز، توانی لە هەرسێ یاریی (دبنی - دید لیفت - پێنج پریس)، پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و ببێتە خاوەنی سێ مەدالیای زێڕ.ئەو کچە پاڵەوانە کوردە، لە ناپۆڕای ئامادەبووان و لەکاتی وەرگرتنی خەاڵتەکان ئاڵای کوردستانی بەرز کردۆتەوە.

مام عەبدوڵا لەسۆران ئاهەنگی بۆ منداڵان سازدا



بەبۆنەی پشووی هاوینەو کۆتایی ساڵی خوێندن بەسپۆنسەری پارکی گوڵان لە سۆران، ڕۆژی یەک شەممە کۆنسێرتی گۆرانی و موزیک بۆ منداڵان ساز کرا بە بەشداری (مام عەولا) و گروپەکەی ، لەم بارەیەوە سرود حاتەم لە کۆمپانیای لیرۆ فلم پڕۆداکشن وەک ڕێکخەری ئاهەنگەکە بەخەباتی ڕاگەیاند: کەئەم ئاهەنگ لەلایەن لیرۆ فلم پڕۆداکشنەوە ڕێکخرا بوو بۆ منداڵە چاوگەشەکانی ئەو دەڤەرە ئازیزە بەبۆنەی کۆتایی ساڵی خوێندن و پشووی هاوینەوە هیوادارین بەدڵیان بووبێت و توانیبێتمان خزمەتیان بکەین و چەند ساتێکی خۆشیان بەسەربردبێت.